زنجیرە کتێبی ناوەندی چاوی کورد ژمارە (١٢)

# شوناس و ناسیۆنالیزم

## هەوڵدان بۆ بەدەوڵەتبوون لە کوردستان و ئەرمینیادا

نوسینی: کاثرین کوهڵ

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی کالیفۆرنیا - ساندیاگۆ

لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

زنجیرە کتێبی ناوەندی چاوی کورد ژمارە (١٢)

# شوناس و ناسیۆنالیزم

## هەوڵدان بۆ بەدەوڵەتبوون لە کوردستان و ئەرمینیادا

نوسینی: کاثرین کوهڵ
پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی کالیفۆرنیا - ساندیاگۆ
پلەی شەرەفی زانکۆیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

# پێشەکی

ئاخۆ ئەو شیاوییە چیە کە دەبێ لە کەمینەیەکدا هەبێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی خۆی؟ بۆ ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەی کە بە هەستکردن بە شوناسێکی بەکۆمەڵ خۆیان دەناسێنن، تا ئێستا بەدەرن لە دانپیانانی ئەو حکوومەتانە بە شوناسەدا بە شێوەیەکی یاسایی و ئەم پرسە بەتەواوی گرنگە و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی دەکرێت لاواز ببێت یان بایەخی کەمببێتەوە وەک ئەو گرووپە کەمینانەی کە هەوڵدەدەن ئەسیمیلاسیۆن ببن (تێکەڵبوون، توانەوە - و) لە ناو ئەو دەوڵەتانەی تێیدا نیشتەجێن بەڵام بەزۆری سەربەخۆیی بۆ هەتاهەتایە لە لە هۆشیاریی کۆمەڵگەدا دەمێنێتەوە لە چاوەڕوانیی بەدیهاتنێدا. هەڵبەت بەهۆی نەبوونی سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئەمان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروپشتیان، دەبێ ئەم گرووپە کەمینانە بە شێوەیەکی کەمتر هەستەوەرتر لە ڕووی ئیتنیک و ئاین و زمانی هاوبەشەوە یەکبگرن.

کورد و ئەرمەن دوو گرووپی بەرچاون کەوا گرفتاری ئەم ململانێیە بوون. لەکاتێکدا کەوا ئەرمەنەکان لە ساڵی ١٩٩١دا سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا، کەچی کوردەکان وەک کەمینەیەکی ئیتنیکی ماونەتەوە و لە ئێران و عێراق و سووریا و تورکیادا چڕبوونەتەوە و هەڵوێستی حکوومەتە جۆراوجۆرەکان

ڕاڕایە لە بەرانبەر هەردوو گرووپەکەدا و لەکاتێکدا هەردوولایان ناوبەناو ئۆتۆنۆمییان دەسەبەر دەکرد، بەڵام بەزۆری دوژمنانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن و لە باشترین حاڵەتدا بە چاوی گومانەوە دەیانڕوانییە هیوا و ئاواتی هەردوولایان لە ناوچەکانیان و ئەمەش دەبووە هۆی نەبوونی متمانە کە سەریدەکێشایەوە بۆ نکووڵی کردن لە مافە بنەڕەتییەکانیان و بەو پێیە هەر بێبەش نەکران لەو سەربەخۆییەی پەیوەستە بەوەی ببنە خاوەنی وڵاتەکانی خۆیان، بەڵکو بێبەشبوونیشیان لە مافەکانیان لە ناو ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژیان.

هەردوک کورد و ئەرمەن بە دوو گرووپی جیاواز و دابڕاو ماونەتەوە بێ یارمەتیدانی سنوورەکان بەڵگەیەکی هێزی شوناسیانە وەک ئەندام لە گرووپێکی ئەتنیکیدا بۆ پاراستنی شوناسیان و هەروەها وەک بەڵگەیەک بۆ قورسیی توانەوە لە کۆمەڵگەیەکی تردا لەکاتێکدا کە پەیوەستە بە شوناسی خۆیەوە. ئەم پەیپەرە لە سەرچاوەکانی ئەم شوناسە دەکۆڵێتەوە و ئەنجامی بەدواداچوونی ئۆتۆنۆمیی لە ناو گەلانی کورد و ئەرمەندا.

# سەرچاوەکانی شوناس: کوردەکان

لەکاتێکدا کە قورسە شوناس یان ناسنامەی کورد پۆلێن بکرێت بەهۆی جیاوازییەکانی نێوان کوردەوە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، کورد وا تەماسای خۆیان دەکەن کەوا گەلێکی تایبەتمەند و جیاکارن و چەمکێکی هاوبەشیان تێدا رەنگدەداتەوە و ئەو بوارە لە تاکی کورددا دەرەخسێنێت کە خۆیان لە گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا ڕیزبەند بکەن و سنووری نەتەوایەتییان جیاوازبێت. هەرچەندە کۆمەڵگەی کورد تا ئاستێکی گەورە لە هەندێ ڕووەوە دابەشبووە بەهۆی ئەو تەحەدا گەورەیەوە کە بەرەوڕووی کوردەکان دەبێتەوە لەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین کۆمەڵگەکانیانیتێدا پەرمیسەندووە و وا لەخۆیان تێگەیشتوون کە گەلێکی جیاکارن و بەڵگەی دەرکەوتووشیان ناسنامەی کوردییانە. بەهەرحاڵ، پێش ئەوەی چەمکی ناسنامەی کوردی بە هیچ وردەکارییەک گفتوگۆی لەسەر بکرێت، پێویستە زیاتر لە سەر چەمکی گشتیی شوناسی کەمینە قسە بکرێت.

کەمینەکان بەگشتی وا پێناسە دەکرێن "وەک گرووپێک لە خەڵک، کە لەوانیتر جیابن کە لە هەمان کۆمەڵگەدان بە هۆی ڕەگەز، نەتەوە، ئاین، یان زمانەوە، کەوا هەردوولا بیر لەخۆیان دەکەنەوە وەک گرووپێکی جیاواز و لای ئەوانیتریش وا وێنادەکرێن کە گرووپێکی جیان بە چەمک و تێگەیشتنێکی نەرێنی"[٣]. لەم پێناسەیەدا تۆ ناوهێنانی نەک هەر جیاوازییە

چاوی کورد

کۆنکریتییەکان دەبینێت، کە بە دەسنیشانکراوی رەگەز و نەتەوە و ئاین و زمانە، بەڵکو چەمک و تێگەیشتنیشە بۆ گرووپی کەمینە لە هۆشیاریی بەکۆمەڵی خۆیدا و لە هۆشیاریی بەکۆمەڵی گرووپی باڵادەستیشدا جیا لە تاکەکانی تر و لە کۆمەڵگەیەکی هاوبەشدا. ئەم چەمکە کێشێکی یەکسانی ئەو جیاوازییانە هەڵدەگرێت، ئەگەر لەڕاستیشدا زیاتر نەبێت کە لە سەری ڕاوەستاوە بە هۆی ئەو دەلالەتانەوە کە لەناویدایە. بەم پێیە پێناسەکە ئاماژە بە بوونی هەڵوێستێکی سلبی بەعادەت پەیدا دەبێت لەنێوان گرووپە باڵادەستەکە و گرووپی کەمینەدا، لەگەڵ دەسنیشانکردنی سیاقی پێوانەیی دابەشبوونی نێوانیان. ئەوەی گرنگە نەک تەنها بوونی ئەو جیاوازییە بنەڕەتییەیە، بەڵکو ئەوەیە کە ئەم جیاوازییە بایەخی خۆی هەڵگرتووە بۆ هەردوو گرووپەکە. قسەکردن بە دوو زمانی جیاواز، یان شوێنکەوتنی دوو ئاینی جیاواز لە ناوەرۆکدا سەرچاوەی ململانێ نیە، بەڵکو کاتێ دەبێتە سەرچاوەی ململانێ ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا ئەوە هاتە ئاراوە کە ئاینێکیان باشە و ئەویتر خراپ، یان قسەکەرانی ئەم زمانەیان ڕۆشنبیرترن لە قسەکەران بەویتریان. گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، بە دەسنیشانکردنی حوکمی ڕەها و پێوەرناسایان، درزی نێوانیان قووڵتر دەکەنەوە و هەر یەکەیان جەخت لە سەر لەیەنی "باشەی" خۆی و "خراپەی" ئەویتر دەکاتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ ناسنامەکانی

هەولێرنامەی کتێب

www.chawykurd.com
چاوی کورد

خۆیان و بەردەوامیی پێدەدەن و پاڵپشتیی دەکەن لەسەر حیسابی ململانێی نێوان گرووپە هاوبەشەکانی تریان.

بەو پێیە شوناس دابەشدەبێتە سەر دوو توخمی سەرەکیدا، کە بریتین لە توخمێکی هەستپێکراو کە لە جیاوازییەکانی چەشنی ئیتنیک و ئایین توخمێکی هەست پێنەکراو، کەوا لە وێناکردن و ئەندێشەی ناوەکی و دەرەکیی گرووپەکە پێکدێت. بە واتایەکی تر، شوناس یان ناسنامە پێکهاتەی بنەڕەتی و دواکەوتووی هەیە و ناکرێت بە شێوەیەکی گونجاو لە شوناس تێبگەین بێئەوەی گرنگی بە هەردوکیان بدەیت.

فاکتەری یەکەم کە ڕەنگە ئاسانتر بێت لە ڕێگەیەوە شوناسی کورد بناسیتەوە و ئەویش ئیتنیکی کوردە و هێزی ئەو پەیوەندییە کە لە میانەی ئیتنیکی هاوبەشەوە دروستبووە و بەدەگمەن زیادەڕۆیی تێدایە. وەک چۆن جۆرج دی ڤۆس ڕوونیکردووەتەوە کەوا "پێکەوەژیان لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتیدا ... ڕێگە بە ئەندامانی ئەو یەکەیە کە هۆکاری گونجاوی وا پەرەپێبدەن کەوا هەردوولا لێی تێبگەن و بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانە حاڵەتەکانی ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێ کەمبکەنەوە"، بە هەمان شێوە دی ڤۆس کۆمەڵێکی ئیتنیکی بەوە دەسنیشان دەکات کەوا "کۆمەڵە کەسێکی هاوبەشن لە کۆی ئەو دابونەریتانەدا و ئەوانیتر تێیدا بەشدار نین کەوا لەگەڵیان دەژین"[٤] و وا بڕواننە ئەوش کە "ئەندامی یەک گرووپی ئیتنیکین و پەیوەستن بەو هەستەوە کەوا

گەلێکی سەربەخۆن ... جا هەرچییەک بێت [ڕۆڵیان] لە کۆمەڵگەیەکی فرەییدا"[٥]. ئەم ئاماژە پێکردنە کورتانە سەرنج ڕادەکێشێت بۆ هەردوک خەسلەتەکانی یەکخستن و دوورخستنەوەی ئیتنیکێکی هاوبەش. لەکاتێکدا کە ئەوانە بەتوندی پەیوەست دەکرێن بە یەکترەوە ئەوە هۆشیاریی ئیتنیکیی هاوبەشیان بەولایەدا دەشکێتەوە کە لەودوای کۆمەڵگە نامۆیان بکات و دایانبڕێت.

لە ڕووی مێژووییەوە، کوردەکان وایدەبینن کەوا جیاوازیی ئیتنیکی نێوان خۆیان و ئەوانیتردا لەو وڵاتانەی کە تێیدان هۆکار بێت بۆ جیابوونەوە. شێخ عوبەیدوڵڵا کە کەسایەتییەکی نەتەوەیی و ئاینیی بوو لە کۆتاییەکان سەدی نۆزدەدا باسی لە "هاوشێوەیی ڕەگەزی و کولتووری و زمانەوانیی خەڵکی کورد کردووە کە مۆرکی جیاکردنەوەیان وەک نەتەوەیەکی جیاکار"، لە دیاریکردنی هۆکارەکانی بۆ مەسەلەی شوێنکەوتنی سەربەخۆیی کوردستان[٦]. لە پاش ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، "یەک لە گۆڕانکارییە گرنگەکان ... وەرچەرخان بوو لە ئاینەوە بۆ ئیتنیک لە پۆلێنکردنی ناسنامەی گرووپدا"[٧]. هەروەها ناسنامەی گرووپ زیاتر دەرکەوت و گرووپە گەورەکانی وەک عەرەب و فارس و تورک بە شێوەیەکی بەرچاوتر جیابوونەوە بەپێی بنەما ئیتنیکییەکان. ئەم حاڵەتە بە شێوەیەکی تایبەتتر لە تورکیادا هاتە پێشەوە، کەوا ڕیفۆرمەکانی ئەتاتورک نکووڵی لە دەرکەوتنی

هەواڵنامەی کتێب

چاوی کورد

شوناسی کوردبوون کرد و لەپێس هەموو شتێکدا پاڵپشتیی لە شوناسی تورکبوون دەکرد. بەدوای سیاسەتی بەتورککردنی ئەتاتورکدا، سەرۆک و ڕابەرە کوردەکان کەوتنە هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی وەک هۆکارێک بۆ سەربەخۆیی لەپێناوی پاراستنی ناسنامەی ئێتنیکییان و ئەمەش سەریکێشایەوە بۆ یاخیبوونی چەندبارە دژ بە حکوومەتی تورکیا و بۆ بەرگری کردن لە ناسنامەی خۆیان.

دێنیس ناتالی زۆر جەخت لە مەسەلەی ئێتنیکی کوردی دەکاتەوە و مشتومڕ دەکات لەسەر "پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نێوان سنووری سیاسیی ئێتنیکی و ئێتنۆناسیۆنالیزمی کوردی دەکاتەوە ... وەک کاتێ کە کایەی سیاسی دەبێتە ئێتنیکی و بە هەمان شێوە [شوناسی کوردیش]"[٨].

وەک چۆن بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد جەخت لەسەر ئێتنیک کراوەتەوە لەدوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، شوناسێکی ئێتنیکیی بەهێزیش برەوی پەیداکرد و کۆمەڵگەکان بە شێوەیەکی پەرگرانە و بە پێی بنەمایەکی پەرگرانە هێڵی بەسیاسی کراویان کێشا لە نێوان کورد و تورک و عەرەب و فارسدا. لەکاتێکدا کە سێ شوناسە ئێتنیکییەکەی تر بەئاشکرا گوزارشیان لێوە دەکریت لەو وڵاتانەی کە ئەوان تێیدا زۆرینە و باڵادەستن، بەڵام شوناسی کورد وڵاتیکی لەو چەشنەی نەبوو، بەڵکو کوردەکان هە بە بێدەوڵەت مانەوە و کەوتنە بندەستی ئەو

چاوی کورد

حکوومەتانەی کە وابەستە و گرێدراوی توندی گرووپە ئیتنیکییە باڵادەستەکانیان بوون بە ئاستێک کەوا کوردەکانیان بەو هاووڵاتییانە تەماشا کە ڕەوایی و شەرعییەتیان کەمتر بێت. لە وەڵام و کاردانەوەی ئەوەدا، کوردەکان بەتوندی پەیوەست بوون بە ئیتنیکی تایبەتی خۆیانەوە و بۆ خۆجیاکردنەوەیان لەو وڵاتانەی تێیاندا بیبەشبوون لە مافەکانیان.

فاکتەری دووەم لە شوناسی کورددا ئاینە و زۆربەی کورد موسڵمانی سوننەن و ئیسلام بەشێکی گرنگ و بەرچاو پێکدەهێنێت لە میراتی کەلەپووری کورد. لە پاش ڕووخاندنی میرە کوردەکان لە لایەن ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە، کوردستان کەوتە ژێر باری "پشێوی و پاشاگەردانییەوە"، بە نەمان و لاوازبوونی ئیدارە و دەسەڵاتەوە[٩]، چونکە پاش لەناوبردنی سەرۆکایەتیی کورد، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نەیتوانی سەرۆکایەتی و ڕابەرایەتییەکی نوێ بێنێتە کایەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە. پێویستبوون بە دەسەڵات مەسەلەی بوونی ڕابەرێکی هێنایەپێشەوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی پشێوی و ناسەقامگیریی دۆخەکە بکات و ببێتە سیمبۆڵێکی نەتەوەیی و خەڵکی لە دەوری کۆببنەوە. بێجگە لەوەش، نەکارایی و نەتوانینی حکوومەت بۆ سووککردنی ئەو دەرد و مەینەتییەی لە ئەنجامی جەنگی ساڵانی ١٨٧٧ ـ ١٨٧٨ ڕووسیا و تورکیا هاتەکایەوە دانیشتووانی وڵاتی هێنایە سەر ئەو قەناعەتەی کە هاوکاری و یارمەتی دەبێ لە ناو وڵات خۆیەوە

هەواڵنامەی کتێب

دەستەبەر ببێت. دواجار، نەبوونی سەرکردە و ڕابەری بەهێز و سێکولاری کورد سەریکێشایەوە بۆ دەرکەوتنی ڕابەرانی کوردی ئاینیی بەهێز لەگەڵ هاتنی شێخ عوبەیدوڵلادا[10]. شێخ تەنها خۆی وەک پارێزەرێکی خەڵکی کورد نەدەبینی، بەڵکو خۆیشی وەک پاکژکارێکی باوەڕی ئیسلامی دەبینی و ڕەنگە ئەوە مەسەلەیەکی حەتمیش بووبێت بۆ وەستان لە پشتی ڕابەرێکەوە کە نوێنەرایەتیی هەردوو ناسنامەی کوردی و ئیسلامی بکات و کوردەکان ڕێگەی بدەن کە هەردوکیان لێکبدەن.

هەڵبەت لێکگرێدانی شوناسی ئیسلامی و کوردی لەلایەن شێخەوە ئەوە دەگەیەنێت کە شێخ ئیسلامی وەک هۆکارێکی پشت خواست و ئارەزووی جیابوونەوە لە ئیمپراتورییەت بە کارهێناوە. یەک لەو هۆکارانەی کە شێخ کردوویەتی بە بەهانەی جیابوونەوە و سەربەخۆیی، جیاکاری و تایبەتمەندیی ئاینی کورد بووە. بەڵام، وەک وەدیع جوەیدە ئاماژەی پێدەکات کەوا لەم قۆناخەدا ئەم خاڵەی جیاوازیی ئاینیی کوردە هێندە بایەخدار نەبووە بەو ڕادەیە کە وا لە مرۆڤ بکات بیسەلمێنێت، چونکە لەڕاستیدا، تورک و فارسیش، کە شێخ دەیویست لێیان جیاببێتەوە، هەردوک موسڵمان بوون و لەکاتێکدا کە فارسەکان شیعە بوون خۆ تورکەکان وەک کورد موسڵمانی سوننی بوون، ئەگەرچی تورک لەسەر ڕێبازی حەنەفی بوون و کورد لە سەر ڕێبازی شافیعی. ئەو بیانووەی کەوا کورد ئاینێکی جیاکار و تایبەتیان هەیە بە بەراورد لەگەڵ

هەواڵنامەی کتێب

www.chawykurd.com
چاوی کورد

ئاینی تورکدا "تەنها بۆ قەبەکردن و جیاوازیی مەزهەب بووە" و هەوڵدانی شێخ بۆ قووڵکرنەوەی ئەو بارە "ئیشارەتە بۆ ئەو مەودایەی خۆتەریککردن و جیاوازی کە ناسیۆنالیزم پشتی پێدەبەستێت"[١١]. شێخ، لە ڕێگەی دروستکردنی بروبیانوویەکی نەتەوەییەوە کە لە سەر ئاین بەند بێت توانی وا وێنای کورد بکات کە تەریک و جیاوازن لە دانیشتووانی دەوروبەریان و بەو پێیە پێویستیان بە ڕووبەر و پانتاییەکی جیایە و ویستی زیرەکانە شوناسی ئاینیی خەڵکەکە بەکاربێنێت بۆ برەودان بە ئەجێندا و بەرنامەیەکی نەتەوەیی.

هەروەها شوناسی ئاینی ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە تێکشکاندنی پەیوەندیی نێوان کورد و تورکدا پاش وەرچەرخانی سەدە و سەرەتای سەدەی (بیستدا). لە پاش تێکجوونی هەماهەنگیی نێوان تورکە لاوەکان و ناسیۆنالیستە عوسمانییە غەیرە تورکەکاندا، کە هەندێکیان کورد بوون، ئەم تورکە لاوانە کەوتنە ڕەنگڕێژی و جێبەجێ کردنی "بەرنامەیەکی بەزۆر بەتورککردن" و خەڵکە نەتەوەییەکانی تریان خستە کەنارەوە[١٢]. لە هەمان کاتیشدا مەیل و داتاشینی توکە لاوەکان بە لای سێکولاریزمدا تورکە موسڵمانە دیندارەکانی پەست و تووڕەکردبوو. ئەمەش تێسرەواندنێکی دوولایەنە بوو بۆ کوردەکان، کەوا کەوتنە بەر ناکۆکی و دژایەتی کردن لە لایەن حکوومەتەوە نەک لەبەر ئەوەی کوردن و تورک نین بەڵکو لەبەر ئەوەی کە موسڵمانیش بوون. لەم ماوەیەدا،

هەواڵنامەی کتێب

پشتیوانیی شێخەکان، کەوا کاراکتەری ئاینی بوون لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە نێو دانیشتووانی کورددا دەنگیدایەوە و نموونە و ئایدیاڵێکی نەتەوەیی پێدان وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ سێکولاریزم. لێرەدا شێخەکان "بە قەناعەت و پراکتیزەکردنەوە هەڵوێستیان وەرگرت ... بۆ دەوڵەتێکی نەریتیی ئیسلامی لە بەرانبەر دەوڵەتیکی سێکولاری مۆدێرندا وەک چۆن لەلایەن تورکە لاوەکانەوە وێنادەکرا"[١٣]. ئەوان بەوەی کە پشتیوانی کردنیان لە ناسیۆنالیستەکان خستەلاوە، ئەو تەوەرە بنەڕەتییەیان ڕەخساند کە دەکرا هەستی هەردوک ئاینی و ناسیۆنالیستی بورووژێنێت.

دەکرێ هەمان هەستی بەیەکەوەبووی ئاین و ناسیۆنالیزم بەیەکەوە ببینین لە یاخیبوونەکەی ساڵی ١٩٢٥دا. بە دوای ڕیفۆرمەکانی ئەتاتورکدا، دەبوو کوردەکان مامەڵە لەگەڵ هەردوک بەسێکولارکردن و بەتورککردندا بکەن. لەکاتێکدا کە بەتورککردن مەسەلەیەکی سۆزداری بوو بۆ هەموو کورد، بەڵام بەسێکولار کردنیش دیسان مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خەڵکەکە بوو. جوەیدە کاردانەوەی خەڵکە کوردەکە دەقۆزێتەوە و دەڵێ:

- "لە دید و تێڕوانینی کوردە باوەڕدارەکانەوە سەرکوتکردنی خەلافەت و یاسای شەریعەت لەلایەن سەرکردە نوێکانی تورکیاوە بووە بە هۆی بچڕاندنی پەیوەندیی کۆن و برایەتیی ئیسلامیی توندوتۆڵ لە نێوان ئەمان و تورکدا. ئەوان وایان هەست دەکرد کە

هەواڵنامەی کتێب

لەمێژە هیچ شتێکی هاوبەش بە داڕێژەرانی ئەم داهێنانە شەڕخوازییەوە نایانبەستێتەوە، کە بەم کارانەیان خۆیان دابڕیوە لە خەڵکانی دیندار ... بەم جۆرە هەستی بەهێزی ئیسلامی بوو بە بەشێکی گرنگی ناسیۆنالیزمی کوردی"[١٤].

بڕیکی زۆری جیاوازیی ئاینی لە ناو کوردەکاندا هەیە. دێنیس ناتالی لە لێکۆڵینەوەیدا لە سەر شوناسی کورد لە ئێران و عێراق و تورکیادا مشتومڕ لە سەر هەندێ جیاوازی دەکات لە نێوان کۆمەڵگە کوردییەکانی هەرسێ دەوڵەتەکەدا. لە تورکیادا، هەندێ کورد "سەرلەنوێ مەسەلەی ڕزگاربوونی کوردیان داڕشتەوە لە سیاقی ئیسلامدا وەک ڕێگەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتە ئیسلامییەکانی دەوڵەت ... [سەرکردەیەک] ڕایگەیاندووە کەوا PK لە ئیسلامییەکان زیاتر ئیسلامییە ... و خەبات و تێکۆسانی کورد وەک جیهادێک پێناسە دەکاتەوە دژ بە دەوڵەتی تورکیا"[١٥].

لە ئێران کۆمەڵگەکانی کورد بەسێکولاربوونیان ڕوو لە هەڵکشانە وەک کاردانەوەیەک بۆ تاکتیکە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی شیعە[١٦]. لە عێراق، زۆربەی کوردەکان بەولایەدا شکاونەتەوە کە بە شێوەیەکی کراوە پەیڕەوی لە ئیسلام دەکەن، بە جۆرێک کە یەکێک لەتوێژەران وا وەسفی دەکات کە "کاڵ و خاوە"[١٧]. لەکاتێکدا کە یەکێکیتر وا وەسفی دەکات کە "بە شێوەیەکی ڕێژەیی لێبووردەیە"[١٨]. بەهەرحاڵ، نیسان ئاماژە بەوە دەکات کەوا دەرکەوتنی ئێستای ئیسلام "وەک هێزێکی سیاسیی

www.chawykurd.com
چاوی کورد

خۆسەپێن"، وایکردووە کە هەندێ کوردی وەک مەسعوود بارزانی "ڕایبگەیەنێت ... کە کۆمەڵگەکەیان موسڵمانی پابەندن"[١٩]. بەکورتی، سروشتی بچڕبچڕی ئاین لە ناو دانیشتووانی کورددا لە ناوچە جیاوازەکان مشتومڕەکە ئاڵۆز دەکات لەبارەی "ئاینی کوردەوە". لەکاتێکدا کەوا زۆرینەی کورد خۆیان وا وەسف دەکەن کە سوننەن، بەڵام ئاستی کاریگەریی ئەوە لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان بە پێی جیاوزیی کۆمەڵگەکانیان دەگۆڕێت.

پێکهاتەی سێهەمی شوناسی کوردیش زمانە و زۆربەی کورد کورد بە زمانی کوردی قسە دەکەن "کە زمانێکی هیندۆ - ئەوروپییە" و زۆر لە نزیکەوە پەیوەندیی بە فارسییەوە هەیە بەڵام پەیوەندیی بە عەرەبی و تورکییەوە نیە"[٢٠]. ئەم زمانە دابەشدەبێتە سەر دوو دیالێکتی سەرەکیدا. دیالێکتی کرمانجی لە ناوچەکانی تورکیا و سووریای کوردستان قسەی پێدەکەن لەگەڵ بەشەکانی کوردستانی باکووری ئێران و باکووری ڕۆژئاوای عێراقدا، دیالێکتی سۆرانییش "لە بەشەکانی ناوەڕاستی کوردستانی ئێران و عێراق قسەی پێدەکرێت"[٢١]. لەگەڵ ئەوەشدا کە دیالێکتی بچووکی تری جیاواز هەیە، بەڵام ئەم دووانە دیالێکتی سەرەکیی زمانی کوردین. بە پێی ڕاپۆرتێک کە ساڵی ١٩٩٦ دەرچووە لەبارەی دۆخی زمانی کوردییەوە وایدەگەیەنێت کە زمانی کوردی چلەمینی زمانە زۆر بڵاوەکانی جیهانە[٢٢]. بەهەرحاڵ، وەک

هەواڵنامەی کتێب

چاوی کورد

ڕاپۆرتەکە لەسەری دەڕوات، کەوا "ئەم هێزە بە ژمارە ... دابەشبوونی کوردستان لە نێو پێنج دەوڵەتی دەراوسێدا هێز و بڕستی لەبەر بڕیوە و بێبەشی کردووە لە مافی نەتەوەیی و زمان و خوێندن". ئەوجا لەبەرئەوەی کورد لە یەک دەوڵەتی سەربەخۆدا کۆنەبوونەتەوە بەڵکو لە کۆمەڵێک وڵاتدا بەشبەش بوون، بۆیە زمانە فەرمییەکەیان، کە زمانی کوردییە، ئەو هێزی زمانەی لەدەستداوە کە چاوەڕێی لێدەکرێت وەک زمانێک کە لە کایەیەکی بەرفراواندا قسەی پێدەکرێت. لە سووریا و ئێراندا، خوێندن بە زمانی کوردی نایاساییە و هەروەها تا ئەم نزیکانەش لە تورکیادا قەدەغەبوو، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٤ وە لە سەر بنەمایەکی سنووردار کراوە بە یاسایی بۆ قوتابخانە تایبەتەکان[٢٣]. وەلێ لە کوردستانی عێراقدا، زمانی کوردی ئێستا بووە بە زمانێکی فەرمی.

پەیوەست بە گرنگیی زمان بۆ شوناس، ئەو باسەی کەوا کیڤن ماکیرنان دەیکات زۆر مانابەخشە کاتێ کە چاوی بە قوتابییەکی کوردی پۆست دوکتۆرا دەکەوێت. ماکیرنان شانازیی ئەم پیاوە دەگێڕێتەوە بە "قامووسە کوردی - ئینگلیزییە گشتگیرەکەیەوە، کە هەوڵ و کۆششێکی درێژخایەنی تێدا داوە و بووە بە کاری تەمەن و ژیانی"[٢٤]. بۆ تەرخانکردنی ئەو کاتەی کە پێوەی خەریکبووە لە ئەنجامدانی کارە فەرهەنگییەکەیدا کە زیاد لە شەست هەزار وشە لەخۆدەگرێت، قوتابییەکە دەڵێ: "زمانی کوردي وامان لێدەکات کە بزانین ئێمە لەکوێداین ... ئەوان دەتوانن خاکمان

زەوت بکەن و دەتوانن دەست بە سەر مەڕوماڵاتیشماندا بگرن و بیبەن ... بەڵام تا تۆ زمانت هەبێت ئەوە تۆ گەل و میللەتیت". ئەم پەیوەندییە قووڵەی نێوان شوناس و زمان یەکێکە لەو مۆتیڤ و پاڵنەرانەی پشت بڕیاری ئەتاتورک بە قەدەغەکردنی زمانە ناتورکییەکان کاتێ کە دەسەڵاتی گرتەدەست. زمانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەو گرووپە کە سەر بە چ کۆمەڵگەیەکە و بە ناچارکردنی کورد کەوا بە زمانی تورکی قسە بکەن ئەتاتورک ناچاری دەکردن کە وەک تورک دەربکەون و بەو پێیەش نکوولیی لە دەرکەوتنی شوناسیان دەکرد. بە هەمان شێوەش، ئەو کۆتوبەندانەی خرابوونە سەر زمانی کوردی، بە قەدەغەکردنی خوێندنیش لە قوتابخانەکاندا، کاری دەکردە سەر دەربڕینی شوناسی کوردی بەوەی کە قسەکەرانی ئەو زمانە بخەنە دۆخێکی جیاواز و نەشاز لەگەڵ حکوومەتدا، بە شێوەیەکی سانا و بە حوکمی زمانەکەیان. ئەو ڕاپۆرتەی ساڵی ١٩٩٦ کە پێشتر باسی لێوەکرا تا ئاستی تۆمەتبارکردنی حکوومەتەکان دەڕوات لە بەرپاکردنی "جینۆسایدی زمان و کولتووردا" لە هەوڵدانیدا بۆ خەفەکردن و سەرکوتکردنی زمان[٢٥] و وا باس لە بێبەشکردنی خوێندن بە زمانی کوردی دەکات کە "هۆکارێک بێت بۆ تێکشکاندنی کورد وەکو ... گەلێک"[٢٦].

سەرەڕای گشت هەوڵ و تەقەلاکان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد، بەڵام هێشتا هەر ماوە و بەرچاوە و کورد کۆدەکاتەوە لە

هەواڵنامەی کتێب

چاوی کورد

کولتوور و کەلەپووریاندا سەرباری ئەو هێڵە نیشتمانی و نەتەوەییانەی لە نێوانیاندا کێشراوە. کوردەکان، بە ڕەنگڕشتنی کۆلکە هاوبەشەکانی نێوانیان، توانیویانە ئەو شوناسە بەهێزەی خۆیان بپارێزن بۆ بەیەکەوەبەستنەوەی یەک گەل کەوا بەسەر گەلێ سنووردا بڵاوبوونەتەوە و بەردەوامن لە سەر خەبات و تێکۆشانێکی مێژوویی لەپێناوی بەدەستهێنانەوەی خاکێکدا کە تێیدا ئاهەنگ بۆ شوناسە بگێڕن لەجیاتیی ئەوەی لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە سەرکوت بکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

# سەرچاوەکانی شوناس: ئەرمەن

ئەرمەنیش وەکو کورد یەکێکن یەکێکن لەو کەمینە ئیتنیکییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە شوناسی خۆیان بە بێدەوڵەت هێشتووەتەوە و لە لایەن نەتەوەکانی ترەوە حوکم دەکران. ئەوان بە ئیتنیک و زمان و نەریتی ئاینیی هاوبەشەوە یەکگرتوون و کۆمەڵگەکەیان بە سەختی گرفتار بوون بە دەست هەوڵی تێکشکاندن و لەناوبردنیانەوە لە سەرەتای سەدەی بیستدا و دواجار لە دەوروبەری کۆتایی ئەو سەدەیەدا ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی خۆیان بەدەستهێنا کە لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ئەرمەنییەوە بەدوایدا دەگەڕێن.

ئەو ڕووبەرەی کە بە ئەرمەنستانی مێژوویی ناسراوە و بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرنی ئێستای ئەرمینیادا، "دەکەوێتە نێوان هەردوو دەریای ناوەڕاست و ڕەشەوە و ... نێوان ناوەڕاستی ئەنەدۆڵ ئازەربایجان لە نزیک دەریای قەزوێن و وڵاتی فارسدا"[٢٧]. خەڵکەکەی بە زمانێکی هیندۆئەوروپی دەئاخڤن، کە گونجاوتر بڵێین بە ئەرمەنی ناسراوە و بە لایەنی خەسڵەتی ئەتنیکییاندا دەشکێتەوە، کە "هەمیشە ئەم گەلە لەوانی دەوروبەری خۆیان جیادەکاتەوە" و ئاینەکەشیان لقێکی مەسیحییەتە و "مۆرک و خاسییەتی جیای ناسین و ئاشنابوونی بەخشیوەتە ئەم گەلە"[٢٨].

سەرچاوەکانی ئەم شوناسە ئەرمەنەکانی لە دانیشتووانی دەوروبەریان جیاکردووەتەوە تەنانەت لەپێش "قۆناخی ڕابوونی" شوناسی ئەرمەنیشدا کە سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت[٢٩]. لەپێش ئەم ڕابوونەدا و لەکاتێکدا کەوا ئەرمەن لە تورکیادا هەرگیز بەتەواوی تێکەڵ نەبوون و نەتوانەوە (لە کۆمەڵگەی عوسمانیدا - و)، بەڵام ئەرمەنەکانی ناو ڕووسیا تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵیاندەدا "ببنە ڕووس، بێگوێدانە ڕەچەڵەک و ئیتنیکیان"[٣٠]. بەهەرحاڵ، لە پاش ئەم ڕابوونە هێزی شوناس لە ناو کۆمەڵگەی ئەرمەنیدا ڕووی لە زیادبوون کرد و بایەخی زۆرتری پەیداکرد. لە کارەکانی یەکێک لە توێژەراندا کە لە پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئەرمەنیدا نووسیویێتی وا هاتووە کە "هەستکردن بە دڵسۆزی بۆ گرووپی ئیتنیکیی [ئەرمەنی] هاوتەریبە لەگەڵ ڕاستیی و چاکەدا و ئەوانەی کە .... گومان لە خۆبەختکردن دەکەن بۆ "مەسەلەکە" گومانی ئەوەیان لێدەکرێت کە ئەرمەنی ڕاستەقینەبن"[٣١]. ئەم وەرچەرخان و پەرەسەندنەی شوناسی ئەرمەن ئاڵۆزیی تێکەوت بە هۆی ئەو جیاوازییانەوە کە لە نێوان ئەرمەنەکانی قەوقاز و ئەوانەی تورکیاوە سەریانهەڵدا و لە نێوان ئەرمەنەکان خۆیان لە چینە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکاندا لە هەردوو وڵاتدا سەریانهەڵدا. بەهەرحاڵ، هێز و دەرکەوتنی ئەم شوناسە، وەک ڕۆژگار سەلماندی، توانای مانەوەی پێپەیداکرد سەرباری ئەو بەڵا و مەینەتییەی بەسەر ئەرمەندا هات.

یەکەم سەرچاوە بۆ شوناسی گەلی ئەرمەن و ئەو سەرچاوەیەی کە وەک ئاسانترین خاسییەت بوو کە وایکردووە لەمێژبێت ئەرمەن بناسرێت ئاینەکەیانە. ئەرمەن لە ساڵی ٣٠١ی زاینیدا بە فەرمی چوونەتە سەر ئاینی مەسیحی و بەوە "بوون بە یەکەم میللەت لە مێژوودا کە بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ و بە فەرمی ئاینی مەسیحییان کردووەتە ئاینی نەتەوەیی خۆیان"[٣٢]. ڕازمیک پانۆسیانRazmik Panossian چوونەسەر ئەم ئاینە وا وەسف دەکات کە "بایەخدارترین ڕووداو بووە لە میانەی پارێزگاری کردن لە ناسنامەیەکی جیاوازدا"[٣٣]. بە پێی پانۆسیان، "ئەمە مێتۆدی ئەرمەن بوو بۆ ئەوەی بەرەنگاری وڵاتی فارس ببنەوە و پشت بکەنە هەوڵ و فشاریان بۆ تواندنەوەی ئەرمینیا لە ڕووی کولتووری و سیاسییەوە"، وەک لە فشارەکانیاندا دەردەکەوت بۆ سەر ئەرمەن تاوەکو ئاینی زەردەشتی قبووڵ بکەن. بێجگە لەوەش، ئەم بڕیارە لە خاڵێکی مێژوویی وادا هات کە ئاین تێیدا چەقی شوناسی کۆمەڵایەتی بوو. "بەم پێیە، بڕیاری بەکۆمەڵی چوونەسەر ئاینێکی جیا لە ئاینی دەراوسێکانیان بەکردەوە ئاماژەیە بۆ هەستکردن بەو تایبەتمەندی و جیاوازییەی ئەرمەنەکان دەیانویست بیپارێزن"[٣٤]. لە هەمان کاتدا، وەک چۆن مەسیحییەت ئەرمەنەکانی لە دەراوسێ نامەسیحییەکان جیاکردەوە، بەڵام پابەندیشی نەکردن کە پەیوەندیی توندوتۆڵیان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەی مەسیحییەتدا هەبێت. ئەنجومەنی کاڵسیدۆنی Chalcedon

چاوی کورد

مەسیحی لە ساڵی ٤٥١ی زاینیدا جیاوازیی دروستکرد لەگەڵ ئەو مەسیحییەتە نەریتییەدا کە لە ئەرمینیا و شوێنانی تر پەیڕەوی دەکرا، ئەمەش وایکرد کە ئەرمەن بڕیارەکەی ڕەتبکەنەوە و دواتریش جیابوونەوە ڕوویدا لە نێوان کەنیسەی ئەرمەنی و لقەکانی تری مەسیحییەت. پەنجا ساڵ دواتر، کەنیسەی ئەرمەنی "بەتەواوی لە قوستەنتینییە جیابووەوە، کە زێدی فەرمیی کەنیسەی ڕۆژهەڵات بوو"[٣٥].

لە نێو ئەم "دابڕانە ڕۆحییەدا" ئەرمەنەکان "ئەفسانەی کەنیسەیەکی خۆولاتیان گەڵاڵە کرد کە شکۆ بۆ شەهیدبوون دابنێت چونکە ڕێگەی عیسای مەسیح بەرەو چارەنووسێکی نەتەوەیی مێژوویی هەڵکشا"[٣٦]. ئەوان ئارەزوویان لەوە بوو کە هەڵوێستی "گەلێکی بچوکی دابڕاو وەربگرن کە لە پێناوی ئازار بچێژن و شەهید ببن و بچنە پاڵ بەرفراوانترین جووڵانەوە بۆ داکۆکی و بەرگری کردن لە سەرجەمی مەسیحییەکان"، تەنها لە جەنگی خاچدارانداا، ئەرمەن لەبەرئەوەی یەکەم گەل بوون چوونە سەر ئاینی مەسیحی و داوای دۆخی "گەلی هەڵبژێردراویان" کرد، کە لەو پاساوەوە سەریهەڵداوە گوایە ئەوان یەکەم کەسانی مەسیحی بوون کە لە بنەڕەتدا ڕاستەوخۆ قسەی خودایان پێگەیشتووە لە ڕێگەی پەیامبەران و نێردراوانەوە" و بە دەستنیشانکراوی لەلایەن بارثۆلۆمیۆ و ثادیۆسەوە، کە لە سەدەی یەکەمی زاینیدا گەشتی ئەرمینیایان کردووە[٣٧]. وەرگرتنی ڕاستەوخۆی ئەم ئینجیلانە لە

چاوی کورد

دەستی نێردراوان قبووڵێکی بەرفراوانی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ چوونە سەر ئاینی مەسیحی و کاراکتەرە فەرمییەکەی لەناو گەلی ئەرمەندا بۆ ئەوەی خۆیان لە کۆمەڵگەیەکی جیاکار و تایبەتمەندا ببینن کە لەلایەن خوداوە دەستنیشانکراوە و هەڵبژێردراوە. لە ئەنجامی ئەوەدا و لە باوەشکردنی یەکەمجاری بە مەسیحییەتدا، ئاینەکە دابەشکردنێکی ئایدیۆلۆجیی دروستکرد لە نێوان ئەرمەنەکان و نەتەوەکانی دەوروبەریدا.

ئەوجا لەبەرئەوەی بناغەی شوناسی بەرایی ئەرمەن بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەگی لە ئایندا داکوتابوو، بۆیە "ئەرمەنەکانی پێش مۆدێرنبوون بە شێوەیەکی سەرەکی وەک کۆمەڵگەیەکی ئاینی خۆیان وێنادەکرد و ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ بە نەتەوەیی دایدەنێین لە کاتەکانی بەراییدا دەستنیشانکردنێکی شوناسی ئاینیی تێدابووە"[٣٨]. کاتێ کە عوسمانییەکان کۆنترۆڵی ئەرمەنیان کرد لە ناوچەکەدا، سیستەمی میللەتیان سەپاند، کە هەموو ڕەعییەتەکانی ئیمراتۆرییەتیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان بە پێی شوناسی ئاینی. بە شێوەیە ئەرمەن نەک وەک گرووپێکی ئیتنیکی بەڵکو وەک گرووپێکی ئاینی جیاکرانەوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، چینی میر یان چینی دەستەنژێری باڵای گەلی ئەرمەن قایل بوون بە "پێناسەکردنی ئەرمەنەکان وەک کۆمەڵگەیەکی ئاینی کەوا کەنیسەیەک نوێنەرایەتییان بکات بە پێی ڕیزبەندی هەرەمی دەوڵەت بیسەپێنێت" و ئەمەش بوو بە هۆی ئەو باوەڕەی کەوا

هەولێرنامەی ئێبێ

چاوی کورد

"هیچ چارەسەرێک نیە [بۆ گەلی ئەرمەن] لە دەرەوەی کەنیسەی ئەرمەنی"[٣٩]. یەکێک لە پشتیوانانی ئەم باوەڕە بەم شێوەیەی خوارەوە گوزارشی لێوە دەکات:

- "... نکوولی لەوە ناکرێت کەوا گەلەکەمان لە ڕووی سیاسییەوە [دامەزراوەیەکی] نیشتمانیی نیە ... بەڵام ئەڵتەرناتیڤێکمان هەیە کە لەو ڕێگەیەوە گەلەکەمان دەتوانێت بمێنێتەوە و دەربازبێت. ئەو حکوومەتانەی کە حوکممان دەکەن بوون بە پارێزەری ئەم دامەزراوە [ئەڵتەرناتیڤە] و ناوکی یەکگرتن و بۆ پاراستنی شوناسی ئێتنیکیمان ئێمە دامەزراوەیەکی سیاسیمان گەرەک نیە. ئەم پەیوەندییەش بریتییە لە یەکێتیی ئاین کەوا هەمو ئەرمەنێک پێوەی گرێدراوە بەدەر لە شوێنی نیشتەجێبوونی یان ڕەعییەتی کام دەوڵەتە"[٤٠].

ئەم چەمک و تێگەیشتنە بۆ ئەرمەن وەک ئەوەی تەنها کەمینەیەکی ئاینی بن بە شکستهێنانی سیستەمی میللەت باوی نەما. هەرچەندە ئەرمەن لە ڕووی تیۆرییەوە ڕەعییەتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوون و بەو پێیە دەبوو پارێزگارییان لێبکات، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەملاوە ڕوون و ئاشکرا دەرکەوت کە هەندێ میکانیزمی تر پێویست دەکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییان وەک لە شکستی میکانیزمی میللەتدا دەردەکەوێت "بۆ چارەسەری قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ویلایەتە ئەرمەن نشینەکان"، کە

هەوڵامەی کتێب

ئەمەش بوو بە هۆی پەرەسەندنی "هۆشیارییەکی سیاسی ... لە نێو دێهات و شارۆچکە ئەرمەنییەکاندا، چونکە زۆرێک درکیان بە ئاسەوارە سیاسییەکانی دابەشبوونی چینایەتیی کۆمەڵایەتی و ئابووری کرد"[٤١]. لەکاتێکدا کە چینە باڵاکانی ئەرمەن بەردەوام بوون لە تێڕوانین بۆ ئاین کە تاقە زەرووڕەتێکە بۆ چارەسەری تەواوی کێشەکانی ئەرمەن، ئەوە ئەرمەنەکانی چینەکانی خوارەوە کە ڕەوشی ژیانی ڕۆژانەیان بە سەختی بردبووەسەر، خەونی ئەوەیان لادروستبوو بگەنە داهاتوویەک کەوا حکوومەتێکیان هەبێت بتوانێت چاودێریی بەرژەوەندیی ئەرمەنی بکات لەبریی حکوومەتێک کە بەرژەوەندییەکانی حکوومەت لەلای لاوەکی بوو. کەچی چینە باڵاکە بە شێوەیەکی تەمومژاوی باسی لە یەکێتیی لاهووتی (تیۆلۆجی) دەکرد و بەرەیی خودا دەکرد و لەولاشەوە گوندنشینان و جووتیاران پێشکەوتنێکی هەستپێکراویان دەویست بەرەو چاککردنی جۆری ژیان.

وەڵامدانەوەی نائومێدیی گوندنشینان لە فۆرمی ناسیۆنالیزمێکدا هاتووە کە جارێکیتر پێناسەی ئەرمەنیان کردووەتەوە وەک کەمینەیەکی ئیتنیکی نەک تەنها کەمینەیەکی ئاینی. ئەم پرۆسەیە زیاتر بەردەوام بوو تا ئەودەمەی ئەرمەنەکان پەیوەندییان پەیداکرد لەگەڵ ئایدیای ڕۆژئاوای ناسیۆنالیزمی سێکولاردا و لەبەر ئەوەی کە ئەرمەنەکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەبوو. بەم پێیە، ئیتنیکی گەلی ئەرمەن بوو بە

سەرچاوەی سەرەکیی شوناس. لە کتێبی *"ئەرمینیا لە سەدەی بیستەمدا"*، ڕۆناڵد گریگۆر سەنی ئارگومێنت لە سەر سێ هەنگاو دەکات لە پەرەسەندنی کەمینە ئیتنیکییەکاندا[٤٢]. لە یەکەمدا، مشتومڕەکەی پێناسەکە وەک خەڵکێکی نیمچە یەکگرتوو داوای "هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانییەکانی خێڵەکی و خزم خزمێنەی پێشوو دەکەن و گرێدانی ئەم درووپە بچووکانە پێکەوە لە شوناسێکدا".
لە دووەمیاندا "گرووپی ئیتنیکی لە ڕووی ئیتنیکییەوە هۆشیاری پەیدادەکات و درک بە بایەخی خۆی دەکات". لەم خاڵەدا پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کەمینەکە لە ڕووی هێز و گرنگییەوە زیاد دەکات و گرووپەکە بەگشتی دەکەوێتە سڵەوە لەو هێزە دەرەکییانەی کە وەک هەڕەشە و مەترسی وێنادەکرێن. دواجاریش، گرووپەکە "بەدوای پێکهێنانی نەتەوە یان دەوڵەت ـ نەتەوەیەکدا دەگەڕێت" چون ناسیۆنالیزم جڵەوی هۆشیاریی سیاسی دەگرێتەدەست.

هەر سێ هەنگاوەکە ڕوون و ئاشکرا دەبینرێن لە مێژووی ئەرمەندا، هەر لە سەرەتای هەرەسهێنانی لەسەرخۆی پۆلێنکردنە نائیتنیکییەکان و بەهێزبوونی شوناسی ئەرمەنییەوە. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا، دابڕانی دوو بەری ئەرمینیا نەیهێشت شوناسێکی ئەرمەنیی توندوتۆڵ پێکبێت. هەڵبەت ئەرمەن لەجیاتیی یەکگرتن و پتەوبوونیان لە یەک کۆمەڵگەدا بە "گەلێکی دابەش بە سەر دوو شێوەی سەرەکیدا مانەوە: بەپێی جوگرافی و چینی کۆمەڵایەتی"[٤٣]. لێرەدا ئاین، هەرچەندە وەک

سەرچاوەیەکی تیۆریی وابوو بۆ یەکگرتن، بەلام سەلماندی کەوا هێزێکی گونجاو نیە بۆ بەستنەوەی سەرەوە و خوارەوە پێکەوە و ئەو جیاوازییە بەرفراوانە ڕەگداکوتاوە لە ژیانی جووتیاران و چینی *ئەمیرەکاندا* ڕێگربوو لە بەردەم ئەوەدا کە وەک ئەندامی هەمان کۆمەڵگە بناسرێن. لە هەمان کاتدا، دابەشبوونی نێوان ئەو ناوچانەی کە هەردوو ئیمپراتۆرییەتی فارسی و تورکی کۆنترۆڵیان کردبوو هێندەی تر ئاڵۆز و لەتوپەت بوو بە هۆی هاتنی ڕووسەوە.

لە ئەنجامی ئەوەشدا، ناوچە ئەرمەنییەکان زیاتر کاریگەر بوون بەو گەلانەی لە دەوروپشتیان بوون وەک لەوەی بە هاوولاتییە ئەرمەنەکانی خۆیان کە لە ڕووی جوگرافییەوە لێیان جیابوونەوە و بە ڕێژەی جیاجیا پەرەیانسەند. لەکاتێکدا کە ئەرمەنەکانی تورکیا بەگشتی بەو بارەدا شکانەوە کە "هەژارتر و کەمتر خوێندەوار و کەمتر شارستانی بن و کەمتر ئاگایان لە جیهانی دەرەوە بێت"، کەچی ئەرمەنەکانی ڕووسیا، بە سوود وەرگرتنێکی گەورە لە بزاوت و جۆشدانی کۆمەلایەتییان و تا ڕادەیەک بەرکەوتنی زیاتر لەگەڵ کولتووری ئەورووپیدا، زیاتر بە پەرەسەندن و گەشەکردنی ئەورووپیدا ڕاگەیشتبوون. هەر دیسان لەبەر سروشت و ڕیزبەندیی چینایەتیی هەردوو کۆمەڵگەکە، دەستەبژێری خوێندەوار و شارستانی کەمترین کۆلکەی هاوبەشیان هەبوو لەگەڵ دێهاتنشینەکاندا. هەرچەندە هەندێ لە

ئەرمەنە بورجوازییەکان ڕێز و دەسەڵاتیان لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا دەستەبەر کردبوو بەڵام وێکنەدەهاتنەوە یان هەستیان بە بەرپرسیارێتی نەدەکرد بەرانبەر بەو ئەرمەنە هاونەتەوانەی خۆیان کە بارودۆخیان باش نەبوو، کەچی لەجیاتیدا وایان پێباشتر بوو کە "سامانەکەیان ببەستن بە چارەنووسی هێزە ئیمپریالییەکانەوە"[٤٤]. ئەم جیاوازییە چینایەتییەی سەریهەڵدابوو جیابوونەوە و دابڕانی هەردوو کۆمەڵگەکەی زیاتر چەسپاند و ئاستەنگێکی هێجگار گەورەی دروستکرد لە بەردەم یەکێتیی ئیتنیکیدا.

بەهەرحاڵ، لەگەڵ پەرەسەندنی فۆرمە نوێکانی گواستنەوە و پەیوەندیکردن و بەرکەوتنی کولتووریی گرێدراو بو زیادبوونی بازرگانی، ئەم دابڕانە کەوتە هەرەسهێنان. سەنی بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە سەرهەڵدانی لەسەرخۆی شوناسی ئیتنیکی دەکات:

- "ئەو ئەرمەنانەی کە هەرگیز هیچ پەیوەندییەکیان نەبوو لەگەڵ نێوەندگیری شارەکاندا ئێستا تێکەڵ بە لێشاوی ژیانی شار بوون. پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەنی چینەکانی تردا زیادیکرد و جیاوازیی نێوان خەڵکی سەر بە ئیتنیکە جۆراوجۆرەکان لە هەر کاتێکی پێشتر زیاتر دەرکەوت و ڕوونبووەوە. بە شێوەیەکی هەستپێکراو ئاسانکاریی پەیوەندی لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا کە بە زمانەکەی تۆ قسە دەکەن سەریکێشایەوە بۆ هەست و سۆزی خزمایەتی و هیوا

پەیداکردن بە پاریزگاری، ئەگەرچی جیاوازیی چینایەتی ئاستی گەرموگوڕی پەیوەندیی سنووردار کردبوو"[٤٥].

ڕۆناڵد سەنی تێبینیی ئەوە دەکات کەوا هەستی پەرەسەندووی ئەندامێتی لە کۆمەڵگەیەکی ئێتنیکیدا بەو ئاستە گەرموگور نەبووە کە سامان و چارەنووسی ئەرمەنەکانی شار و گوند پێکەوە ببەستێت. بەپێچەوانەوە، "دووریی فیزیکی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجیی"نێوان هەردوو چینەکە دواتر پێکەوە گرێدەدرێن لەلایەن "تاقمێکی ئینتلێجێنتسیای بچووکی ڕادیکاڵەوە کە لە نێو چینی ناوەند و خوارەوەدا سەریهەڵدا" لە دوادوایی سەدەی نۆزدەدا[٤٦]. ئەم ئینتلێجێنتسیایە دواتر بە دانەپاڵ و تێکەڵبوون لە ناو حیزبە شۆڕشگێڕەکاندا گوزارش لە خۆی دەکات و بە هێز هەوڵی بەرپاکردنی گۆڕانکاری دەدات. چالاکییە شۆڕشگێڕییەکان لە نێو ئەو حەز و خواستەدا گەشەی کرد بۆ ڕەتکردنەوەی "قایلبوونێکی تووڕە و لاسارانەی ڕەوشێکی داڕووخاو"، کە بریتیبوو لە پۆلێنکردنی دۆخ و هەڵوێستی ئەرمەن لە سایەی عوسمانییەکاندا[٤٧] و شکستهێنانی ئیمپراتۆرییەت لە دەستەبەر کردنی ڕێگەی ئاشتیخوازانە بۆ ئەرمەن لە دەربڕینی بەرهەڵستییان و کارکردن بۆ چاککردنی بارودۆخیان مۆرک و خاسییەتی ئەم حیزبانە بوون، چەشنی پارتی هونچاکی سۆشیال دیموکرات و دوای ئەویش یەکێتیی شۆڕشگێڕی ئەرمەنی (داشناک - و). ئەم ناسیۆنالیستە بەرایییانە، لە چینەکانی سەرەوی ئەرمەنەوە نەهاتبوون بە ڵکو لە

هەواڵنامەی کتێب

چاوی کورد

چینەکانی خوارەوە بوون و بەرهەنگاری مۆدێلە باوەکانی "نەتەوەپەرست یان ناسیۆنالیزمی بورجوازی"[48] بووبوونەوە. لەراستیدا، چینی باڵای ئەرمەنەکان فرەجار "تووشی هەڕەشە لێکردن و تیرۆر دەبوون بۆ پارە سەندن لێیان و لەپێناوی هاوکاری و یارمەتیدانی مەسەلەکەدا". لەبری بەخوایشت هەڵبژاردن و دەربڕینی هاوسۆزی لەگەڵ برا چەوساوەکانیاندا.

ئەوەی جێی بایەخ و سەرنجە کە لێرەدا باس بکرێت ئەوەیە کە بۆ بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکەی ئەرمەن ئاین وەک سەرچاوەیەکی ناسیۆنالیزم خزمەتی نەکردووە بەڵکو بووە بە کۆسپ و ڕێگر بۆی. لیباردیان سەرنجی ئەوە دەدا کەوا "زۆرێک لە ئەرمەن بەردەوام بوون لە سەر ئەو باوەڕ و قەناعەتەی کەوا هەر بەرهەڵستییەک ئەم ڕژێمەی ئێستا یاخیبوونە لە کار و نەخشەدانانی پێشوەختی خودا بۆ ئەم جیهانە" و بەردەوام وایان پێباشتر بووە کە لە ناو دەزگا و دامەزراوەی کەنیسەدا کار بکەن وەک لەوەی لە نیزامی سیاسی یاخی ببن[49]. لەبەر ئەوە کەنیسە بە فەرمی وایخواستووە کە دووربوونی خۆی لە بزووتنەوەکە بپارێزێت. ئەنجامی ئەو بەرانبەر یەک وەستان و ناکۆکییەی نێوان ناسیۆنالیستەکان و هەوادارانی ئاین وەک چارەسەرێک بۆ کێشە و ئاستەنگی ئەرمەن سەریکێشایەوە بۆ "هێڵی دژە ئەکلیرۆس" لەلایەن بزووتنەوەی ناسیۆنالیستییەوە[50]. یەک لەو چەسنە ڕۆشنبیرانە ناوبانگی باوباپیرانە ئەرمەنەکانی خۆی لەکەدار کرد

بەوەی کە دەیگوت "ئێوە دەبوو قەڵا و سەنگەر و قایمکاریتان دروستکردبیە لەبری ئەو هەموو کەنیسە و دێرانەی کە وڵاتەکەمانیان پڕکردووە و ... ئەو کاتە وڵاتەکەمان لە ئێستا بەختەوەرتر دەبوو"[٥١]، لەکاتێکدا کە یەکێکیتریان لەوە دوورتر ڕۆیشت بەم ڕاگەیاندنەی کەوا "ڕۆبی هەر [کاهین یان قەشەیەک] شەیتانێکی لە ژێر خۆیدا حەشارداوە!"[٥٢] و یەکێکی تریشیان ئەرمەنەکان هاندەدا بۆ ئەوەی "لە دەوری چەمک و تێگەیشتنی نەتەوە بئاڵێن لەجیاتیی ئاین"[٥٣]. لەگەڵ ئەوەشدا، دواجار ناسیۆنالیستەکان توانییان زاڵبن بە سەر "کۆسپ و تەگەرەی ئایندا لە ڕێگەی گۆڕینەوەی کاهینی ملکەچی و ئارامگرتن بە خواوەندی دادپەروەری و سزا و پاداشت"[٥٤]. ئەمەش وایلێکردن کە "ئەرکی ڕزگارکردنی نیشتمان بەرزبکەنەوە بۆ ئاستی ئاینێک" و بەمەش جەنگاوەرە گەریلاکانیان لە ڕیزی بنەماڵە نەریتییە دیندارەکان هێنایە دەرەوە[٥٥]. ئەوان بەم کارەیان توانییان یاری بە ئاین بکەن بە هەمان ئەو مێتۆدەی کەوا هەندێ لە ناسیۆنالیستەکانی کورد بەکاریانهێنا، بە ئیددیعاکردنی پاساوی ئاینی بۆ نیاز و مەبەستی نەتەوەیی.

بێجگە لە ڕابوونێکی ناوخۆیی و گرنگی و بایەخی ئیتنیکی، هێزە دەرەکییەکان کەوتنە هاندانی کۆمەڵگەی ئەرمەنی بۆ خۆناساندنیان وەک کەمینەیەکی ئیتنیکی. پەیدابوون و برەوسەندنی جووڵانەوەی تورکە لاوەکان هەرەشەیەکی گەورە و

بەرچاوی پێکهێنا بۆ خۆشگوزەرانیی ئەرمەن لە تورکیادا، لەکاتێکدا کە ئەم ئەرمەنانە لە باشترین حاڵەتدا پەیوەندییەکی مێژوویی ئاڵۆزیان هەبوو لەگەڵ ئیمپراتورییەتی عوسمانیدا، کەچی تورکە لاوەکان سەلماندیان کە ئەمان دوژمنکاریی زیاتریان هەیە بەرانبەریان. هەر کە "تورک یان پان تۆرانیزم ڕێبازەکانیان کەوتە جێگرتنەوەی ئاین وەک ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی عوسمانی"، ئەوە ئەرمەن و کورد، بە پێی ئیتنیکەکانیان تەماشایان کرد لە دواجاردا جێگەیان نابێتەوە لە پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیەدا کە تازە سەرهەڵدەدا[٥٦]. لەکۆتاییدا هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوو بە هۆی پەیڕەویکردنی هەمان سیاسەتەکانی شکۆدانان بۆ ئیتنیکی تورک لە سەر حیسابی ئەوانیتر کەوا کاریگەریی قووڵیان هەبوو لە سەر دۆخ و پێگەی کورد. هەر لەو ماوەیەدا، واتە لە دوا چواریەکی سەدەی نۆزدەدا لە قەوقاز، ڕووسیا سیاسەتێکی گرتەبەر لە "ناچارکردنی [ئەرمەن] بۆ ئەوەی خۆیان بە جیاواز ببینن و بەرگریی ڕێکبخەن دژ بە تێکشکاندنیان"[٥٧]. یەک لە ڕۆشنبیرانی ڕووس "داوای تا بکرێت سووککردنی ئەو مۆرکی تێکەڵییەی دەکرد کە لە ناوچە سنوورییەکانی ڕووسیادا بوونیان هەیە و بە هەر ڕێگەیەک بێت ئەو هەمە چەشنەییە نەهێڵرێت: لە دەزگا و دامەزراوەکان، لە زمان، لە کەنیسە، لە قسەکردن، لە جل و پۆشاک، لە خواردن"[٥٨]. ئەو سیاسەتانەی کە ئیتنیکی ڕووسی پێ پەسەندتربوو باڵیان بە سەر کۆمەڵگەدا کێشا و بوون بە کۆسپ

چاوی کورد

لە بەردەم ئەرمەندا کە پۆستی سەنگین وەربگرن و دواجار سەرینایەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کەنیسەی ئەرمەنی لە ساڵی ١٩٠٣دا. ئەم هەنگاوانە مەسەلەکەی قورس و ئاڵۆز کرد تەنانەت بۆ زۆربەی ئەو ئەرمەنانەش کە "بووبوونە ڕووس" و بۆ ئەوەی کە وا خۆیان ببینن ئەندامی ڕاستەقینەی کومەڵگەی ڕووسن و ناچاریان دەکردن هاوشێوەی یەکتربن وڕیگەیان نەدەدان هاوشێوەی خەڵکی تر بن یان مامەڵە لەگەڵ غەیری خۆیان بکەن.

سەرچاوەی سێهەم بۆ شوناس زمانە، کە پێویستە پشتگوێ نەخرێت. گرنگیی زمان لە یەکخستنی کولتوورێکدا ناتوانرێت فەراموش بکرێت. لە سەدەی پێنجەمدا و بە ماوەیەکی کورت لە پاش چوونە سەر ئاینی کریستیان، ئەرمەنەکان ئەلفبێیەکی نوێیان گەڵالە کرد و پەرەیان پێدا بۆ جەختکردنەوە لە سەر تایبەتمەندی و جیاوازیی کولتوورەکەیان. بەپێچەوانەی زۆربەی زمانەکانی تر ئەلفبێی ئەرمەنی بە شێوەیەکی سروشتی پەرەینەسەندووە، بەڵکو بە شێوەیەکی دەستکرد داهێنراوە. پانۆسیان کاریگەریی ئەم ئەلفبێیە شیدەکاتەوە لە سەر کولتووری بەرایی ئەرمەنی:

- "ئەلفبێکە دەقێکی ناوازەی ئەدەبیی بەخشیوەتە ئەرمەن کە بناغەیە بۆ زمان و شوناسی زمانەوانییان. نەخش و دەسنووسەکانی گریک و لاتینی و ئارامی یان سریانی چیتر پێویست نیە بۆ پەیوەندیی نووسین و ئەمەش بووە بە هۆی دابڕانی زیاتری ئەرمەن لە کاریگەریی کولتووری دەرەکی، چونکە وای

چاوی کورد

لە زمانی نووسراویان کردووە کە خەڵکی دەرەوەی کۆمەڵگەی خۆیان نەتوانێت مەمەڵەی لەتەکدا بکات ...."[59].

بۆ جارێکیتر خاوەنداریێتیی زمان ناسێنرایەوە لە لایەن بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئەرمەنەوە لە سەدەی هەژدەدا لەگەڵ مشتومڕدا لەبارەی هەژموونی زمانی ئەرمەنیی کلاسیکی لەبەرانبەر زمانی مۆدێرنی ڕەشەخەڵکەکەدا[60]. سەرەڕای دەرکەوتنی دیالێکتی زارەکیی جۆراوجۆر لە نێو ئەرمەنەکانی قەوقاز و ئەرمەنەکانی تورکیادا و "ئەوە ئەگەری هەیە بۆ ئەوەی هەمووان نووسینی یەکتر تێبگەن بە بێ کۆششێکی گەورە" و ئەنجامیش دابینکردنی ئامرازەکانی پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان ڕۆشنبیرانی هەردوو ناوچەکە[61]. وەک سەنی ئاماژەی بۆ دەکات، "ئاسانکردنی پەیوەندیکردن" کە لەلایەن زمانێکی هاوبەشەوە دابینکراوە لە نێوان ئەرمەنەکاندا دەکرێ ببێتە فاکتەرێکی سەنتراڵ لە پەرەسەندنی شوناسی ئیتنیکیی ئەرمەندا[62]. کاتێ بازرگانی هەردوو ناوچەی ئەرمینیای پێکەوە بەستەوە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، ئەو زەحمەتییانەی خۆیان حەشارداوە لە مشتومڕدا لەگەڵ قسەکەران بە زمانەکانی تردا و بەپێیەش لەگەڵ گرووپە ئیتنیکییەکانی تردا کە بە دژوارییەکی زەق وەستاوە بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتییە ئەرمەنەکاندا.

دانپیانانی زیمنییش بە گرنگیی شوناسی زمان ڕوونکراوەتەوە لە سەرکوتکردنی زمانی ئەرمەنی لە هەریەک لە تورکیا و

قەوقازدا. لە قەوقازی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، هاوارێک کە پێشتر باسی لێوەکراوە لەپێناوی "ئەوپەڕی یونیفۆرمی یان هاوچەشنی ... لە هەموو ڕێگەیەکەوە کە بکرێت" و لەنێویشیاندا سەرکوتکردنی زمانی ئەرمەنی[٦٣]. تەنانەت لە دوادوایی سەدەی بیستیشدا، ئەم هەڵوێستە هەر بەردەوام بوو و "دەزگاکانی ئاسایش و کۆمەڵگە بەر فشاری توندی ناوخۆیی کەوتووە" سەبارەت بەکارهێنانی زمانی ئەرمەنی[٦٤]. لە تورکیادا، سیاسەتی بەتورککردن بەڕوونی سەریکێشاوەتەوە بۆ کۆتوبەندی توند لە سەر زمانی ئەرمەنی. کاربەدەستان هانی بەکارهێنانی زمانەکەیان نەداوە لە شوێنە گشتییەکاندا بەڵکو لەوە دوورتریش ڕۆیشتوون "بۆ قەناعەت پێکردنی ئەو ئەرمەنانەی ئارەزووی دانپیانان پێشکەوتن دەکەن لە کار و بازنە پیشەییەکاندا بۆ گۆڕینی کۆتایی ناوی خێزان و بنەماڵەکانیان بۆ سەر شێوازی تورکی"[٦٥]. لەکاتێکدا کەوا ئەو ئەرمەنانەی لە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیادا بوون سەربەخۆییان بەدیهێنابوو و بەو پێیەش دەیانتوانی بەئاشکرا بە زمانی ئەرمەنی بئاخڤن، بەڵام ئەرمەنەکانی تورکیا بەردەوام لە ژێر باری جیاکارییەکی قورسدا بوون وەک "گرووپێکی کولتووری کە نەتوانێت مێژووی خۆی بسەلمێنێت"، وەک سیمبۆلێک بۆ ئەوەی کە نەتوانن بە زمانی خۆیان پەیوەندی بکەن[٦٦].

سەرەڕای هەوڵ و کۆششی هەردوو ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا و تورکیا بۆ لەناوبردنی کولتووری ئەرمەنی، بەڵام دەرکەوتنی شوناسی ئەرمەن لە ناو گەلی خۆیدا بەردەوامبوو و ئەم چەند دەیەی دواییەش دروستبوونی دەوڵەتێکی ئەرمەنی بەخۆوە بینی، هەرچەندە ئەوە زۆربەی زۆری ئەرمینیای مێژوویی ناگرێتەوە. بە وێنەکێشانی شوناسی هاوبەشیان لە سەرچاوەکانی وەک ئاین و ئیتنیک و کولتوور، دەردەکەوێت کە ئەرمەنەکان لە هێرش و پەلامارێکی بێشومار دەربازبوون دژ بە کولتووریان و بەردەوام تا ئەمڕۆش دەژین و دەبووژێنەوە.

# هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی: کورد

سالانێکە خواست و هەوڵی کورد بۆ سەبەخۆیی ڕاستییەکی چەسپاوە. لە ڕووی مێژووییەوە، ئەوان نەیانتوانیوە بگەنە ئەم ئامانجە و هەندێ جار ئۆتۆنۆمییان بەدەستهێناوە بەڵام بەگشتی لەو دەوڵەتانەدا کە تێیدان چەوسێنراونەتەوە و سەرکوتکراون. پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە لە عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣دا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەوا ئەگەر هەیە کوردەکانی عێراق بگەنە سەربەخۆیی ڕاستەقینە. بەهەرحاڵ، تائێستاش هێشتا کۆسپ و تەگەرەی زۆر لە ڕێگەدان و دەبێت بەرەوڕوویان ببیتەوە پێش ئەوەی کوردستانێکی سەربەخۆ بێتە ئەگەرێکی بەدیهاتن.

پێش مشتومڕ کردن لە سەر حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی لە مەودای ئەم چەند سەدەی ڕابوردوودا، دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمیدا. هەرچەندە کوردەکان هەندێ جار ئۆتۆنۆمییان بەدەستهێناوە یان توانای حوکمکردنی خۆیان هەبووە لەگەل ڕێژەیەکی کەمی دەستێوەردانا، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە سەربەخۆیی فەرمی و تەواو بەدەستبێنن لەو دەوڵەتانەی کەوا حوکمیان دەکەن. لەکاتێکدا کەوا کوردەکان ڕەنگە ماوەیەک ئازادییەکیان لەو حکوومەتانە دەستەبەر کردبێت، بەڵام ئامانجی سەرەکییان پێکهێنانی حکوومەتی خۆیان بووە لە دەوڵەتی خۆیاندا، کە تێیدا تەنها ملکەچی یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆیان بن و کولتووری خۆشیان تێیدا باڵادەست بێت

لەبریی پەراوێزکەوتنیان لە بەرژەوەندیی کولتووری گرووپی ئیتنیکیی زاڵ و هەژموونداری. بێجگە لەوەش، ئەو دەوڵەتە زەمانەتی ئەوەیان بۆ بکات کە چیتر پابەندی میزاجی پڕ هەڵبەز و دابەزی حوکمڕانە غەیرە کوردەکان نابن، کەوا ئەم ئەگەرەیان بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە چونکە بۆ چەندین جار ئەو حکوومەتانە پشتیانکردووەتە ئەو ڕێککەوتننامانەی کە ئۆتۆنۆمیی پێدەبەخشین. کوردەکان، لە پاش تووشبوونی چەندبارەیان بۆ ئەم میزاج و هەڵوێستە گۆڕاوانە، زۆر پەرۆشی کۆنترۆڵ کردنی کاروباری تایبەتی خۆیانن کە سەربەخۆیی بۆیان دەستەبەر دەکات.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەو درز و ناکۆکییانەی کەوتبوونە ناو دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕێگەی لە حکوومەتی ناوەندی گرتبوو کەوا گرووپە جۆراوجۆرەکان بەتوندی بخاتە ژێر حوکمی خۆیەوە و کۆنترۆڵی سەرهەڵدان و یاخیبوونیان بکات. دەسەڵاتی خێڵە کوردەکان، نەک ئیمپراتۆرییەت، بەولایەدا شکابووەوە کە بنەماڵە کوردەکان حوکم بکەن، چونکە کوردەکان خۆیان بە ڕەعییەت و ژێردەستەی سەرۆک عەشیرەتەکانیان و شێخەکانیان و سەرکردە و ڕابەرە ئاینی و سێکولارەکان دەزانی. بە پێی بۆچوونی وەدیع جومێدە، هەردوو فۆرمەکەی سەرکردایەتی گرنگ بوون، هەرچەندە وادەگێڕیتەوە لە پیاوانی خێڵە کوردەکان کە دەبوو "ملکەچییەکی کوێرانەی بێ

چەندوچوون دەربڕن لەبەرانبەر سەرۆکەکانیاندا"[٦٧]، بەڵام دیسان ئەوەش ڕاستە کە "چاوخشانێکی خێرا بە مێژووی کورددا دەریدەخات کەوا سەرکردایەتیی شێخ جۆرێکی سەرکەوتووتری سەرکردایەتی و ڕابەری بووە لە ناو کورددا بۆ زیاتر لە سەد ساڵ ..."[٦٨]. هەڵبەت کوردەکان، بە سەرکردایەتیی سەرۆک خێڵ و شێخەکانیان، ئاستێکی بەرچاوی ئۆتۆنۆمییان هەبووە، چونکە دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆرییەت بەو لایەدا شکاندبوویانەوە کەوا کەمینەی کورد بەتەنها جێبهێڵن (بۆ دەسەڵاتی سەرۆک خێڵ و شێخەکانیان - و).

سەرەڕای ئەوە، ڕاستییەک هەیە کەوا ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕەعییەتەکانی خۆی بە پێی هێڵ و بنەمای ئاینی نەک ئیتنیکی تاقم و گرووپ کردبووەوە و بەوە ڕێگەی لە پەرەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەیی گرتبوو. بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستەش ئیمپراتۆرییەت سیستەمی میللەتی بەکارهێنا، کەوا "هەموو گرووپەکانی بە عوسمانی دەناساند، لە هەمان کاتیشدا جیاوازیی خستبووە ناو دانیشتووانەوە بە پێی ئەوەی کە سەر بە چ ئاینێکن"[٦٩]. لە ئەنجامی ئەمەشدا، گرووپە ئیتنیکییە جیاجیاکانی ناو ئیمپراتۆرییەت وەک هاوڵاتیی عوسمانی پێکەوە بەسترابوون و هەر لایەکیشیان سەربەخۆییەکی ڕێژەیی هەبوو لە کولتووری خۆیدا.

www.chawykurd.com
چاوی کورد

بەهەرحاڵ، ئەمە واناگەیەنێت کەوا دینامیکییەتی کوردی عوسمانی بەتەواوی بێ کێشە و ململانێ بووە. ڕەنگە بەرچاوترین نموونە بۆ ئەم جۆرە ململانێیە لەگەڵ هاتنە سەرتەختی سوڵتان مەحموودی دووەمدا بووبێت، کە بەنیازی "بووژانەوەی ئیمپراتۆرییەت و گێڕانەوەی مەزنیی جارانی، سوڵتان ڕژێمە بەمیرات گوێزراوە نیمچە سەربەخۆکەی کوردستانی کردبووە ئامانج و ... لە هەوڵێکی مکووڕیدا بۆ گرتنەوەی ئەم ناوچانە و خستنیان بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانی"[٧٠]. بە کۆتایی پێهێنانێکی کاریگەرانەی ئۆتۆنۆمیی کورد و هێنانەوەی کوردەکان بۆ ژێر سایە و حوکمی ڕاستەوخۆی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، سوڵتان نەک هەر تەنها هێز و پتەویی ئیمپراتۆرییەتەکەی خۆی چەسپاند بەڵکو پەیامێکی توندیشی نارد بۆ کەمینە یاخی و هەڵگەڕاوەکانی تری خاک و قەڵەمڕەوەکەی. ئەم کارەشی زەمینەی خۆشکرد بۆ شەڕ و ململانێی دواتر لەگەڵ حکوومەتدا و دینامیکییەتی "ئێمە دژیانینی" هێنایە کایەوە کە هێشتا هەر بەردەوام و باوە لە زەینی هەردوک کورد و حکوومەتەکانیشیاندا تا ئەمڕۆ.

بە دوای ئەم یەکخستنەدا، "پشێوی و بێسەروبەری" سەرانسەری کوردستانی گرتەوە[٧١]. ئیمپراتۆرییەت توانی پەیکەر و پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆن تێکبشکێنێت بەڵام نەیتوانی بە شێوەیەکی کارا خاک و قەڵەمڕەوی کورد بخاتە ژێر عوکم و

چاوی کورد

دەسەڵاتی خۆیەوە. کوردەکان پاش ئەوەی لەو دەسەڵاتە بێبەری کران کە پابەندی و دڵسۆزیی خۆیان پێبەخشیبوو و کەوتنە ژێر ئەو دەسەڵاتە نوێیەی کە جێی ئەمانی گرتبووەوە، خۆیان بێ ڕابەر و بێ ئاڕاستەکار بینییەوە. ئەمەش سەریکێشایەوە بۆ دەرکەوتنی شێخ عوبەیدوڵڵا لە قۆناخی یەکەمدا. لەساڵی ١٨٧٧دا، شێخ بوو بە فەرماندەی هێزە خێڵەکییە کوردییەکان لە جەنگی ڕووسیا و تورکیادا و بەوە وەک کاراکتەریکی کورد و ئیسلامی "ڕۆڵێکی وەرگرت کە هیچ کەسێک بەدەستینەهێنابوو لە سەردەمی ناوبانگی سەلاحەدینەوە لە جەنگی خاچدارەکانەوە"[٧٢]. هەڵکشانی خێرای ناوبانگی ئەم پیاوە لە ناو کورداندا بەشێکی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ خەون و مەراقی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی و بە گوڕم و خولیایەکی زۆرەوە کاری بۆ ئەو مەسەلەیە دەکرد و هەوڵی یەکخستنی کوردی دەدا، بە ئیشارەتدان بۆ ئەو جیاوازییەی نێوان ئیتنیکی کورد و ئەوانی چواردەوری[٧٣]. خەونەکەی شێخ بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لە هەست و هۆشی گشتیدا مایەوە تەنانەت دوای دوورخستنەوە و ئاوارەکردنیشی لە ساڵی ١٨٨٣دا.

سێ دەیە لەوەوپاش، وادیاربوو کە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی گرنگییەکی ئەوتۆی نەمابێت، چون پێویستیی ڕیفۆرم لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بەئاشکرا دیاربوو. دوو کەس لە چوار ئەندامە دامەزرێنەرەکەی کۆمیتەی یەکێتی و پێشکەوتن (ئیتیحاد و تەرەقی CUP)، ئەو ڕێکخراوەی کە

بەنیازبوو دەست بەم ڕیفۆرمانە بکات، کورد بوون و ئەندامە کوردەکان "پێگە و پۆستی زۆر گرنگیان داگیرکردبوو" لە پاش شۆڕشی تورکە لاوەکان. بێجگە لەوەش، لە پاش ئەم شۆڕشە "تورک و ئەلبانی و عەرەب و ئەرمەن و کورد پەیمانیان بە خۆیان دا کە جیاوازی و ناکۆکییەکانی پێشوو لەیادبکەن و پێکەوە کار بۆ بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانیی گشتی بکەن لە خاکی عوسمانیی باوکدا"[٧٤]. بەڵام ئەم هەماهەنگی و هاوکارییە زۆری نەبرد و کورتخایەن بوو، چونکە تورکە لاوەکان بە هۆی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لە خولیا و ئاواتی جوداخوازی و نەتەوەیی گرووپە ئێتنیکییە غەیرە تورکەکان و بە گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات دوابەدوای هەوڵی دژەشۆڕشی ساڵی ١٩٠٩، "بڕیاریاندا هەموو بەرهەڵستییەک لەناوببەن و ... بێبەزەییانە هەموو ئەوانەیان دەمکوت کرد و لەناوبرد کە لەگەڵیان کۆک نەبوون"[٧٥]. لێرە بەدواوە تەوژم و دڵگەرمیی کوردە نەتەوەییەکان زیادیکرد کاتێ کە بۆیان دەرکەوت ئەوەی لەدەستیدەدەن کەمترە لەوەی کە ڕەنگە بێتەدەستیان، لەکاتێکدا ئەگەر هەل و دەرفەتی ڕەوایان بۆ کاریگەریی گۆڕین لە ناو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە نوێکەی ئیمپراتۆرییەتی دوای شۆڕشدا.

به زیادبوونی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە کۆمەڵگەی کورددا، بایەخێکی گەورەتریشی پەیداکرد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی و لە پاش هەڵکشانی ئەتاتورک و گرتنەدەستی دەسەڵات

لە تورکیادا، ڕیفۆرمەکانی بەتورککردنی شوناسی گرووپی ئیتنیکیی تورکی بەهێزکرد و بەهەمان شێوەش کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت و قەدەغەکردنی چالاکیی گرووپە نەتەوەییەکانی تر. هەر لە هەمان ئەو سەردەمەدا، لە جیهانی عەرەبدا ناسیۆنالیزمی عەرەبی چەسپی و سەریکێشایەوە بۆ نکووڵی کردن لە ڕەگەز و ئیتنیکی کورد لە عێراقدا[٧٦]، لەکاتیکدا لە ئێرانیشدا، "کوردەکان بوون بە بەشێک لەوانیتر چونکە لە ڕووی ئیتنیکییەوە فارس نەبوون"[٧٧]. ئەم هەستکردنە بە جیاوازی لەلایەن هەردوک کورد و ئیتنیکەکانی دەوروبەریانەوە بوو بە هۆی سەرکوتکردنی ئەم ئاراستە نەتەوەییانە. لە تورکیای ئەتاتورکدا و بە هۆی وەرچەرخان بۆ ناسیۆنالیزمێکی تورکیی بە پێی بنەمای ڕەگەز، کوردەکان وەک "جەردە و ڕێگر" مامەڵە دەکران و تووشی گرتن و ڕاگواستن و لەسێدارەدان دەبوونەوە[٧٨]. هەروەها سیاسەتە تایبەتەکانی سەبارەت بە سیکیولاریزە کردنی خێرا بوو بە مایەی پەراوێزخستنی کوردە دیندارەکان. لە وەڵامدانەوەی دڵەراوکێ و مەترسیی موسڵمانەکاندا و لەنێویاندا کوردەکانیش، ڕایگەیاند کەوا "ئەی بەڕیزان و خەڵکی وڵات: هەر هەمووتان پێویستە ئەوە بزانن کەوا نیشتمان و نەتەوەی تورک ناتوانێت ببێتە نەتەوە و نیشتمانی شیخ و دەروێش و توندڕەوانی ئاینی و تەڵەکەبازان".

ئەم پەیوەندییە دوژمنکارانە بەردەوام تا ئەمڕۆش دەبێتە مۆرکی پەیوەندیی نێوان تورکیا و کوردەکان. تورکیا هەر بە ناحەز و دژ

ماوەتەوە بەرانبەر بە کەمینە کوردەکەی و هەر گفتوگۆیەک لەبارەی ئۆتۆنۆمیی کوردەوە خەفە و بێدەنگ دەکات لە میانەی ئاماژەدان بەو توندوتیژییەی پەکەکە ئەنجامیداوە لە دوا بیست ساڵی سەدەی بیستەمدا. کۆمەڵگەی کورد هێشتا هەر گرفتاری "دەردی دواکەوتن و کەمیی خزمەتگوزاری و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەوارییە" و بگرە ئەو کوردانەش کە لەڕووی سیاسییەوە چالاکن "ناتوانن ببنە داکۆکیکاری کارا و کاریگەر بۆ خولیا و ئاواتی گرووپەکانیان"[٧٩]. سەرەڕای سووکە چاککارییەک، وەک سووککردنی هەندێک کۆتوبەند سەبارەت بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ فشارەکانی یەکێتیی ئەوروپا، هێشتا هەر بارودۆخەکە نەگونجاوە بۆ کورد لە تورکیادا[٨٠].

لە ئێران سیاسەتەکان بەو شێوەیە کەوتوونەتەوە، لەکاتێکدا "سەرکوتکردنێکی کەمتر دژ بە کوردەکان پیادە دەکرێت بەو پێیەی کەوا گرووپێکی ئێتنیکیی جیاوازن وەک لەوەی لە تورکیا و جارانی عێراقدا دەکرێن"[٨١] و پەیڕەویی ئەو ئاراستە گشتییە دەکات کە کورد ملکەچی گرووپی ئێتنیکیی پەسەند و باڵادەست بکات. ڕەزا خان، کە لە ساڵی ١٩٢٥دا بوو بە شای ئێران، "ویستی وڵاتە پارچە پارچەبووەکە یەکخات بە دروستکردنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالیزمی فەرمی بە پێی بنەمای بیرۆکە و تێگەیشتنێکی ئێتنیکی و مۆدێرن و سێکولار بۆ شوناسی

ئێران"[٨٢]. دێنیس ناتالی بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە ئەنجامی بارودۆخی کەمینەی کورد دەکات لە ئێراندا:

- "ڕەزاشا بە بە کردەوەیەکی سەربازی کەوتە ناچارکردن و سەرکوتکردنی کۆمەڵگە ئیتنیکییە غەیرە فارسەکان لە نێو ئەو کولتوورەی فارسدا کە دەوڵەت ڕەنگڕێژی کردبوو و هەندێ لە کۆمەڵگە کوردەکانی گرت لەبەر قسەکردنیان بە زمانی کوردی و ... سیاسەتە سەرکوتکارانە و سێنترالیزەکانی بنەما سەرەکییەکانی پەیکەر و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕێکستنی سیاسیی لە کوردستاندا تێکشکاند. ئەو لەم کارەیدا نەیهێشت چینی خێڵەکیی کوردی ئەگەری هیچ ڕۆڵێک ببینێت کە دەکرا وەک دەستەبژێرێکی نەتەوەیی بیگێڕێت، وەک چۆن لە تورکیادا گێڕای ..."[٨٣].

کوردەکان کە بەم ڕیفۆرمانە بێبەشبوون لە سایەی حوکمڕانیی ئایەتوڵڵا خومەینیدا، کە لە کۆتایی سالانی ١٩٧٠کاندا دەسەڵاتی گرتەدەست، هەل و دەرفەتێکیان بینی بۆ چاککردنی بارودۆخیان. ئەو بە پەیوەندی کردن لەگەڵ کورددا بەنیازبوو بنکەی دەسەڵاتەکەی فراوان بکات چونکە درکی بەوە کردبوو کە ڕاپرسیی ساڵی ١٩٧٩ لەئارادیە. بەڵام دنیابینیی ئەو لە ڕوانگەی تێرمە ئاینییەکانەوە بوو وەک لەوەی لە ئیتنیکییەکانەوە بێت و بەو پێیە توانی بە شێوەیەکی کاتی کورد و فارس لە ژێر چەتری ئایندا کۆبکاتەوە. بەهەرحاڵ، "جەختکردنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە

www.chawykurd.com
چاوی کورد

سەر ئیسلامی شیعە وەک شوناسێکی زاڵ و هەژموونداز لە دەوڵەتدا" وردە وردە دەرکەوت و ئەنجامەکەی زاڵکردنی گرووپە موسڵمانە شیعەکان بوو بە سەر سوننەکاندا و بۆ بەدبەختیش زۆربەی کورد سوننین و بەو ڕەنگە زۆرێک لە کوردەکان لەم ڕژیمە سیاسییە نوێیە دوورخرانەوە. بێجگە لەوەش، لە پاش ڕاپرسی یان ڕیفراندۆمەکەی ساڵی ۱۹۷۹، ئەو بەپەلە "کەوتە کۆتایی پێهێنانی دانوستان لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا و گفتوگۆی قەدەغەکرد لەبارەی ئۆتۆنۆمیی کوردەوە و کوردەکانی دەرکرد لە پێگە و پۆستە سیاسییەکانیان"[٨٤]. تا ئەمڕۆش ئازادیی کورد لە ئێراندا هەر کۆتوبەندی لە سەرە و کارەکە هەر بەگوێرەی هێڵی ئاینی دەڕوات نەک ئیتنیکی و بۆ نموونە ئەو یاسایانەی حوکمی پاڵاوتن دەکەن بۆ کار و فەرمانە گشتییەکان پڕ لە جیاکارین دژ بە سوننەکان و بەو پێوەرەش کاریگەرییان بە سەر زۆربەی کوردەکانەوە هەیە[٨٥].

لە عێراق کوردەکان لەوە تووڕەن کەوا بەریتانییەکان خاکی کوردیان لکاندووە بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراقەوە و کاردانەوەیەکی توندیان هەبوو. شێخ مەحموودی بەرزنجی، کە بە باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێت لە عێراقدا، تا ساڵی ۱۹۲٦ سەرکردایەتیی بەرگرییەکی چەکدارانەی کرد دژ بە حکوومەتە نوێیەکە و ئەفسەری سیاسیی بەریتانی لە بەغدا ڕاپۆرتی ئەوەی داوە کە "لە کۆی پێنج کەس لە [کوردستانی باشووردا] چواریان

پشتیوانی لە نەخشە و پلانەکانی شێخ مەحموود دەکەن بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ"[٨٦]. ئەمەش زەمینەی بۆ شەڕ و ململانێیەکی درێژخایەن خۆشکرد لە نیوان کورد و حکوومەتی عێراقدا. بەریتانییەکان، کە زیاتر پەرۆش بوون بۆ بینینی ناوچەکە بە جێگیری، چونکە لەڕووی مێژووییەوە فشەڵ و لەرزۆک بوو، وەک لەوەی خولیا و ئاواتی نەتەوەیی کوردەکان بەدیبێنن و لەو سۆنگەیەوە کەوتنە هەوڵ و کۆششی ئەوەی خێڵە کوردەکان بدەن بەگژی یەکتردا، "بە هاندانی بەرپاکردنی کێشەی زەویوزار و دنەدانیان بۆ دوژمنایەتیی ناوخۆیی" و بەو هۆیەوە نەهێڵن کاریگەرانە خۆرێکبخەن[٨٧].

هەردوو حکوومەتی بەریتانیا و عێراق بەیاننامە و ڕاگەیاندنیان دەردەکرد کە تیایاندا دانیان بە مافی کورددا دەنا، بەلایکەمەوە لەڕووی تیۆرییەوە. بەریتانییەکان "پێیان لەوە دەنا کەوا کورد گرووپێکی ئیتنیکیی جیاوازن و داواکارییە نەتەوەییەکانیان دەسەلماندن" و تەنانەت مێجەرێکی بەریتانیش "ڕاستەوخۆ قسەی بۆ کوردەکان دەکرد لەبارەی مافی چارەنووسیانەوە"[٨٨]. بە هەمان شێوە، ساڵی ١٩٢١ دەستوورێکی کاتییان داڕشت (ڕاستییەکەی ئەم دەستوورە ساڵی ١٩٢٥ دەرچوو – و) و تێیدا وا باسیان لە عێراق کردبوو کە لە دوو گرووپی ئیتنیکی پێکهاتووە، کە عەرەب و کوردن و "پێگە و دۆخێکی وایان دا بە زمانی کوردی کە لەگەڵ زمانی عەرەبیدا یەکسانە". بەڵام ئەم گفتارانە بە کردەوە

وانەکەوتنەوە بەوەی کە بەریتانییەکان نەتەوەپەرستە عەرەبەکانیان لە پێگە و پۆستی سەرەکیدا دادەمەزراند و بە دانانی فەیسەڵی یەکەمیش وەک یەکەم مەلیکی عێراق هەموو هەوڵیکی راستەقینەیان پەکخست لە دابینکردنی ئۆتۆنۆمیدا بۆ کورد. ئەم شێوازی جەختکردنەوەیە لە سەر ڕەوایی مافەکانی کورد بەلام شکستهێنان لە پێشکەشکردنی هیچ زەمانەتێکی تۆکمە و هەستپێکراو کە ئەم مافانە ڕیزیان لێدەگیرێت ڕەنگە باشتری و نموونەییترین دەربڕین بێت لەلایەن "ڕاگەیاندنی هاوبەشی ئەنگلۆ - عێراقییەوە بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان"، کە تێیدا هاتووە:

"حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکوومەتی عێراق دان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لە ناو سنووری عێراقدا دەژین بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لە ناو ئەو سنوورەدا و هیواخوازن کەوا کوردە پەیوەندیدارەکان، بە زووترین کات، بگەنە ڕێککەوتنێک لە نێوان خۆیاندا سەبارەت بەو فۆرم و شێوەیەی کە حکوومەتەکەی لەسەربێت و ئەو سنوورانەی کە ئەمان دەیخوازن تا کوێ بڕوات ..."[٨٩].

ئەم ڕاگەیاندنە لە ڕواڵەتدا وادەردەکەوێت کە ئۆتۆنۆمیی بۆ گەلی کورد مسۆگەر کردبێت، بەڵام پێرسی کۆکسی کۆمیساری باڵای بەریتانی هەرزوو مەلیکی عێراقی دڵنیاکردەوە کەوا ئەم ڕاگەیاندنە "بە هیچ شێوەیەک جیابوونەوەی سیاسی یان ئابووریی کوردستان ناگەیەنێت لە عێراق".

www.chawykurd.com
چاوی کورد

هەرچەندە عێراق لە ڕەگە کۆلۆنیاڵییەکانی گواستیەوە و دوورکەوتەوە بەڵام بەعەرەبکردن بەردەوام بوو لە هەژموونی خۆی بە سەر بیری سیاسیدا. عەبدولکەریم قاسم، کە لە پاش شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ بوو بە سەرۆک، هەندێ سیاسەتی سەرکوتکەرانەی گرتەبەر و لەوانە داخستنی ڕێکخراوە کوردییەکان و گرتنی سەرکردە نەتەوەییەکانی کورد و بۆمبارانی ناوچە دیهاتییەکانی (کوردستان) و ئەوەی زیاتر کوردی توورەکرد ناوهێنانی عێراق بوو بە "یەک گەل لەبری ژمارەیەک گەلان"[٩٠]. پاش ئەوەی ڕژێمی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨دا دەسەڵاتی عێراقیان گرتەدەست "ویستیان مۆرکێکی لێیووردەیی سیاسی بدەنە خۆیان" و عێراقییەکانیان هاندەدا کە یەکەمجار خۆیان بە هاووڵاتیی نیشتمانی عێراق بزانن و دووەمجار خۆیان بە ئەندامی هەر ئێتنیکێکی تایبەت بزانن. بەهەرحاڵ، خواست و ئارەزووی ئەوان بۆ سەپاندنی کۆنترۆڵی خۆیان بە سەر خاکی دەوڵەمەند بە نەوتی کوردستاندا زاڵبوو بە سەر ئەو خواست و ئارەزووەیاندا کە لەڕووی سیاسییەوە بە دەوڵەتێکی فرەڕەنگ و فرەئێتنیک تەماشا بکرێن[٩١]. بە دەوردگرتنی کەرکووک بە "بازنەیەکی عەرەبیی" ماڵ و بەکارهێنانی سوپا بۆ بە زۆر کۆنترۆڵکردنی کوردەکان و کوشتاری بەکۆمەڵی کوردەکان لە شاڵاوی ساڵانی ١٩٨٧ - ١٩٨٨ی ئەنفالدا و هێرش کردنە سەر کۆمیونیتیی کورد لە هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی، ئەوە ڕژێمی

www.chawykurd.com
چاوی کورد

بەعس وایکرد کەوا "بۆشایی نێوان گفتار و کردار هێند گەورەبێت بە ڕادەیەک کەوا کۆششی حکوومەت بۆ خولقاندنی هەستکردن بە عێراقیبوون [بۆ کورد] هیچ متمانە و مانایەکی نەمێنێت"[٩٢]. ئەمە لە هیچ کوێیەک ڕوون و ئاشکرا نەبوو بە ئەندازەی ئەوەی لە عێراقی دوای جەنگی کەنداودا دەرکەوت کاتێ کە سەددام حوسێن هەوڵی "بەئیسلام کردنی شوناسی عێراقی دا ... بەوەی خۆی وا پیشاندا کە موسڵمانێکی باوەڕدارە و ... دەیەوێت وەک موسڵمانێکی دیندار هاوبەشیی کورد و عەرەب دابڕێژێتەوە" و هەموو ئەمان و لەکاتێکدا بەردەوام بوو لە "بۆردمانی ناوچە کوردییەکان و چاودێری کردنی گرووپە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان بۆ پشێوی نانەوە و تێکدانی ئاسایشی باکوور"، بێجگە لە کار و کردەوەکانی تری[٩٣].

ناوچەکانی دژەفڕین کە ویلایەتە یەکگرتووەکان سەپاندی و لە دوای جەنگی کەنداو دروستکرا هەندێ پارێزگاریی دابینکرد بۆ کوردەکان لە ڕژێمی سەددام حوسێن. بە پاڵپشتی گەڕان و دەچوونی دەورێی فڕۆکە ئەمریکی و بەریتانی و فەرەنسییەکان، ئەم ناوچانە دروستکران بۆ ڕێگرتنی چەوساندنەوەی کوردەکان لە لایەن حکوومەتی عێراقییەوە. لە باکووردا لە سەرووی هێڵی پانی سی و شەش، بە پاڵپشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا "ئەم پارچە خاکەی کوردستانی کردە نموونەیەک بۆ مافی

چارەنووسی کەمینەکان و خاوەن شێوە دەوڵەتی سەرەتایی بۆ گەلی کوردی لەڕووی مێژووییەوە سەرکوتکراو"[٩٤].

لە عێراقی دوای سەددام حوسێندا، ناوچە کوردییەکە بە شێوەیەکی سەرەکی خاوەنی ئۆتۆنۆمییە و "بەواتا خاوەنی شوناسێکی خاکە جیا لە ناوەڕاست و باشووری عێراق" کە پاڵپشتە بە "پێکەوەژیانی نێوان سیستەمە جیاوازە سیاسی و ئابووری و سیاق و ئیتنیک و زمانەکان"[٩٥]. یەک لە ڕۆژنامەنووسەکان بارودۆخی کورد لە عێراقدا ناودەنێت "سەربەخۆیی لە هەموو شتێکدا ناوەکەی نەبێت" و مۆرک و خاسییەتی گۆڕانکاریی گرنگی لەخۆگرتووە وەک دانەنانی ئاڵای عێراق و هەژموونی زمانی کوردی[٩٦]. ئەو پلە و ئاستەی ئۆتۆنۆمی کە ئێستا کوردەکان هەیانە لە مێژوودا هەوشیوەی نەبووە. "ئەوان سەلماندوویانە کەوا دەتوانن وەک دەوڵەتیکی سەربەخۆ کاربکەن تەنانەت لە بارودۆخی سەختیشدا و دەستبەسەرداگرتنێکی کاریگەرانەی ناوچە کوردییەکان لە لایەن حکوومەتیکی کوردییەوە جەختکردنە لە سەر خاوەندارێتی و مافی سەربەخۆیی دەداتە خاک و ناوچەکان"[٩٧]. واپێدەچێت کە لە کوردستانی عێراقدا، کوردەکان دواجار لە سەر لێواری دەرفەتی بەدەستهێنانی ئەو سەربەخۆیین کە چەندین سەدەیە چاوەڕێی دەکەن.

بەهەرحاڵ، دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ پێویستی بە دەستێوەردانی وڵاتانی ترە، کە ئەویش ئەگەرێکی تەواو

ڕێتینەچووە. بێجگە لەوەش، تەنانەت بەردەوامیی ئۆتۆنۆمی بە هیچ شێوەیەک مسۆگەر نیە و دەکرێ کوردەکان بەئاسانی ئەو دەسکەوتانە لەدەستبدەن کە دەستەبەریان کردووە لەکاتێکدا کە حکوومەتی نوێی عێراق پەرەدەسێنێت. وەک هادی عەلی ئیشارەت پێدەکات کەوا "هەرچەندە [بڕیارێکی ساڵی ٢٠٠٤ی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە] و بەڵێنی بە کوردەکان داوە بە ئاستێک لە کۆنترۆڵکردن بەسەر سەرچاوە سرووشتییەکاندا و پرۆسەی سیاسیدا و ئاماژە نەکراوە بۆ ... دەستووری کاتی کە گەرەنتیی ئۆتۆنۆمیی کورد دەکات"[٩٨]. دێنیس ناتالییش خێرا ئیشارەت بۆ ئەوە دەکات کەوا کوردی عێراق هیچ "پشتگیرییەکی بێمەرجیان نیە" لەلایەن ئەمریکا یان نەتەوە یەکگرتووەکان یان حکوومەتی بەغداوە و لەبەر ئەوە و هەرچەندە ئەوان 'ئۆتۆنۆمیی سیاسییان پێدراوە بەڵام هیچ دڵنیاییەک نیە کە حکوومەتی داهاتووی عێراق ڕێز لە پرەنسیپەکانی فیدراڵیزم دەگرێت لە سەر ئاستی نیشتمانی" و هێشتا ئەمە هەر ڕێی تێدەچێت لەبەر ناجێگیریی دۆخەکە لە عێراقدا کە ئەو سەرکردانەی کەوا بۆ ئەوان یەکێتیی نیشتمانی کارێکی لەپێشترە و دەکرێ ئەوان دوژمنکارانە بجووڵێنەوە لە بەرانبەر ئەو کوردانەدا کە هەوڵی سەربەخۆیی دەدەن[٩٩].

لەڕاستیدا، دەکرێ ڕوون و ئاشکرا ئەگەری ململانێ ببینرێت، چونکە "زۆرێک لە کوردە عێراقییەکان بڕوایان بە نوێنەرەکانیان

نیە لە کۆمەڵەی نیشتمانیدا و تۆمەتباریان دەکەن بە گەندەڵی و پشتگوێخستنی هەوڵدان بۆ ئۆتۆنۆمیی کورد و قەرەبووکردنەوەی چەوساندنەوەی چەندین نەوە"[١٠٠]. ئەگەر کوردەکان هەست بەوە نەکەن کەوا مێتۆدێکی ڕەوایان هەیە بۆ گۆڕین و چاودێریکردنی کاریگەری بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان - بۆ نموونە وەک چۆن لە تورکیادا ناتوانن - کەواتە بەلایەدا دەیشکێننەوە کە ئەم ئامانجانە بە هۆکار و مێتۆدی نایاسایی و توندوتیژ بەدیبێنن و ئەوەش گرفت تەنها بۆ خۆیان دروست ناکات بەڵکو بۆ حکوومەتە تازە لەدایکبووەکەی عێراقیش.

لەکۆتاییدا، ڕاتیی مەسەلەکە ئەوەیە کەوا هاوسنووریی کوردستان عێراق و تورکیا مەسەلەیەکی پڕگرفتە بۆ هەموو لایەنە پەیوەدیدارەکان. دوژمنایەتیی نێوان کورد و تورک پاڵی بە گرووپگەلێکی وەک پەکەکەوە ناوە کەو ئەم سنوورە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربێنن. هێرشێکی ئەم دواییەی پەکەکە بۆ سەر هێزە تورکییەکان لە سنووری عێراقدا، کە لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا جێبەجێکرا بە "خوێناویترین ڕۆژانی شەڕ و کوشتار ناونرا لە دەمێ ساڵەوە لە نێوان سوپای تورکیا و یاخیبووە کوردەکاندا" بە پێی ڕیکخراویکی هەواڵ[١٠١]. لە ئێستادا تورکیا داوا لە ئەمریکا و کوردە عێراقییەکان دەکات بۆ "وەرگرتنی ئیجرائاتی دەسبەجێ" دژ بە ڕێکخراوەکە. ئەگەر گرووپە بەرگریکارەکانی وەک پەکەکە بەردەوامبن لە ئەنجامدانی ئەم

چالاکییانە بێنەوەی ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە، ئەوە گران دەکەوێتەوە بۆ کوردستانی عێراق هیچ سەرعییەتێکی ڕای نێودەوڵەتی بپارێزێت و جارێکیتر کوردەکان خۆیان دەبیننەوە کە ئۆتۆنۆمییەکەیان لەدەستدەدەن.

# هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی: ئەرمەن

ئەرمەن بە درێژایی مێژوویان چەندین هێزی دەرەکی خزمەتی کردوون. ئەوان دواجاوار و پێش ئەوەی بەم دواییە لە ساڵی ١٩٩١دا سەربەخۆیی بەدەستبێنن، ژێردەستە و ملکەچی مەزاجی ئەو حوکمڕانانە بوون و لە نێوان ئۆتۆنۆمیی ڕێژەیی و ستەم و داپڵۆسینی توندا ئەمسەر و ئەوسەریان کرووە. ئەوجا لەبەرئەوەی کە کۆمەڵگەی ئەرمەنی نەیتوانیوە کۆنترۆڵی چارەنووسی خۆی بکات بۆیە مەسەلەکە سەریکێشاوەتەوە بۆ پشتبەستن بە دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان و چاوەڕێکردنی یارمەتیدانی دەرەوە تەنانەت کە ئەم یارمەتی و هاوکارییە ناواقیعیش بووبێت. هەرچەندە ئێستا ئەرمەنەکان دەوڵەتی خۆیان هەیە، بەڵام ئەم ئەقڵییەتە هێشتا هەر ماوە و بووە بە مۆرک و خاسییەتی جیاکەرەوەی کاروباری ئەرمەن و ڕێگرە لەوەی ئەم گەلە سوود لەو دەرفەتانە ببینێت کە سەربەخۆیی بۆی ڕەخساندووە.

لە ساڵی ١٦٣٩دا، هەردوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و فارسیی سەفەوی لە پەیماننامەیەکدا ڕێککەوتن لە سەر کۆتاییهێنان بە هەوڵ و کۆششیان دەستباڵایی و دەسەڵات سەپاندن بە سەر میسۆپۆتامیا و پشت قەوقازدا (ترانسقەفقاسیا). لێرە بەدواوە گەلی ئەرمەن دابەشبوون بەسەر هەردوو ئیمپراتۆرییەتەکەدا و ئەمەش بوو بە هۆی پەستی و نارەزایی چونکە هەرولایان "سیستەمێکی

سەختی باج وەرگرتن و سترۆکتوورێکی ستەمکارانەیان بەسەردا سەپاندبوون کە جیاکاری بوو لەگەڵ غەیرە موسڵمانەکاندا"[١٠٢].

ئەرمەنەکان، وەک گەلێکی کریستیان دەیانویست ئیمپراتۆرییەتێک حوکمیان بکات کە هاوشێوەی دید و باوەڕی ئاینیی خۆیان بێت، ئەگەر بێت هەر لە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی بێگانەدابن. بەو پێیە، ئەوان چاویان بڕیبووە تساری ڕووسیای "پاشای کریستیانی باکوور" وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ حوکمڕانە موسڵمانەکانیان. ساڵی ١٨٢٨ ڕووسیا ئەرمینیای فارسی خستە سەر خاکی خۆی و جارێکیتر ئەرمەن کەرتبوونەوە و ئەمجارەیان لە نێوان ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتەوە و عوسمانییەکانیش لە ڕۆژئاواوە. لەکاتێکدا کە هەردوو کۆمەڵگەکە بە شێوەیەکی سەرەتایی بووژانەوە لەئەنجامی ڕکابەریی هەردوو ئیمپراتۆرییەتەکەدا و بە هۆکاری سەرهەڵدانی هێزە نوێکانی ناسیۆنالیزم لە هەردوو بەری ناوچەکەدا و ئەمەش لە بنەڕەتەوە چارەنووسی ئەرمەنی گۆڕی.

ئەرمەنەکان، زۆربەی کات لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، ئاستێک لە کۆنترۆڵی کاروباری خۆیانیان درابوویە بە پێی سیستەمی میللەت و "بە گوێرەی ئەم سیستەمە هەر کۆمەڵگەیەک بە ئاینەکەی جیادەکرایەوە، لە هەر شوێنیکی ئیمپراتۆرییەتدا بژیایە". جا لەبەرئەوەی لە ناو خەلکی ئەرمەندا ئەین و ئیتنیک تەواو تێهەڵکێشن، بۆیە کەنیسە "لە پێگەیەکی

ڕابەریدا بۆ هەردوک **کاروباری ئاینی و دنیاییش** [جەختکردنەوەکە لەبنەڕەتدایە][١٠٤] و هەموو ئەرمەنەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانیی لە سەر چەق و تەوەری ئاینی هاوبەشیان یەکدەخست. سەرەڕای ئەوەش، داننانی سوڵتان بە دەسەڵاتی کەنیسەدا مێتۆدیکی شەرعی و یاسایی پێدابوون کە بەرگریی لە توانەوەی خۆیان بکەن لە ناو گرووپەکانی دەوروبەریاندا و لەکاتێکدا ئەم سیستەمە دۆخی ئەوانی وەک کەمینەیەکی لاواز هێشتبووەوە لە ئیمپراتۆرییەتێکدا کە بە پلەی یەکەم موسڵمان بوو، هەروەها ئەو هۆکارەشی بۆ ڕەخساندبوون "کە لە ڕێگەیەوە شوناسی بەکۆمەڵیان وەک *ئێتنییەکی* ئاینی [گرووپێکی ئێتنیکی] بهێڵێتەوە"[١٠٥] و لەو ڕێگەیەوە پێکهاتە و سترۆکتووری کۆمەڵایەتیی نەریتی پارێزراو بێت.

سیستەمێکی هاوشێوەش لە ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیادا پەرەپێدرا. لە سالی ١٨٣٦دا ئەرمەنەکان "بەناو پلەیە خۆڕێبەرییان پێدرا" لە ڕێگەی دانپیان بە دەسەڵاتی کەنیسەیانەوە[١٠٦]. سەرەڕای ئەوەش، کەنیسە "دەسەڵاتی خۆی وەرگرت بەسەر ئاین و کۆمەڵگە و خویندن و [ڕزگاربوون] لە باج و ... هەروەها خاوەنداریێتیی داهاتی زەویوزار". بەڵام تسار (قەیسەری ڕووسیا - و) دەسەڵاتی کۆتایی و ڕەهای لە دەستی خۆیدا هێشتەوە و ئەویش هەروەک ئەوەی کە سوڵتان دەیکرد لە

ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، هەر یەوەندە ڕێگەی بە ئەرمەنەکان دەدا کە ئۆتۆنۆمییەکیان لە کاروباری ناوخۆدا هەبێت.

ئەرمەنەکان زۆر شتیان بەدەستهێنا لە سایەی حوکمڕانیی ڕووسیا و عوسمانییەکاندا. لە ڕۆژهەلات، چینێکی ناوەند سەریهەڵدا لەگەڵ بازرگان و مامەڵەچیی پارە و سامان و پیشەسازانی سەرکەوتوو، بەڵام لە ڕۆژئاوا، کۆمەڵگەی ئەرمەنی خاسییەتی ئاستێکی بەرزی ستانداردی خوێندن و پێشکەوتنی ئابووریی ناوازەی بەدەستهێنا، لەگەڵ بەدیهێنانی هەندێ سەرکەوتن لە پیشەسازی و بازرگانیی ئاورێشمدا و هەندێکیشیان لە کاری دارایی و بەنکیدا گەشەیان کرد لەکاتێکدا ئەوانیتریان بە دەستباڵایی مانەوە لە کار و پیشەی دەستی زەرنگەری و خشڵدا. یەک وەسف هەیە بۆ ئەرمەنەکان لە سایەی حوکمڕانیی عوسمانیدا کە بەم مۆرک و خاسییەتەی خوارەوەیان باس دەکات:

- "لە سەرتاپای ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا گەلێکی هێمن و هاوسەنگ و دەستبەخۆوەگر و خوێندەوار و زیرەکن. لە هەرکوێ هەبن بە پیشەسازی و کارامەیی لە ئیش و کاردا بەناوبانگن و شانازیی بە کەسایەتیی خۆیانەوە دەکەن ... لەم چەرخی نوێیەشدا بوون بە پێشەنگی بازرگانی و پیشەسازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"[١٠٧].

کەواتە ئاسانە لەوە تێبگەیت کەوا "بوون بە ئەرمەنییەک یەکسانە بە کار و ئەدایەکی باشتر لە خەڵکیتر"[١٠٨]. ئەمەش لەو ژمارە

زۆر و بەرچاوەی دامەزراندنی ئەرمەندا ڕەنگیداوەتەوە لە پلە و پایەی گرنگدا و سەروەت و سامانی ئەو ئەرمەنانەی کە لە چینی باڵادا بوون. هەرچەندە ئەم دەوڵەمەندانە هەر لە "چەق و تەوەری خۆیاندا دەسووڕانەوە"[١٠٩]، بەڵام بە پارە هاوکاریی خوێندنگە ئەرمەنییەکان و کۆلێجێکی ئەرمەنیشیان دەکرد کە ساڵی ١٨٧١ لە ئەستەمبووڵ دامەزرابوو. بەهەرحاڵ، سەرەڕای گەلێ لە سەرکەوتنەکانی ئەرمەنەکان مەسەلەیەکی گرنگە سەرنج ئەوە بدەین کەوا کۆمەڵگەکەیان بەگشتی "هێزی سیاسیی ڕاستەقینەی نەبوو لە دەوڵەتی خانەخوێدا و لە ژێر دسەڵات و بەزەیی حوکمڕانانی غەیرە ئەرمەندا بوون"[١١٠]. پانۆسیان زۆر بەکورتی دۆخی ئەم دەوڵەمەندانە (*ئەمیرانە*) لە ئەستەمبووڵدا باسدەکات:

- "[ئەوان] کار و فەرمانێکی ئاڵۆز و چالاکیان هەبوو لە ئیدارەدانی دارایی و ئابووریی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، بەڵام **هیچ هێز و دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەیان نەبوو لەو بوارەدا** [لە بنەڕەتدا جەختی لە سەر کراوەتەوە] و لە دۆخێکی هەستیار و ناسکدابوون. بە هۆی ئیتنیک و ئاینی جیاوازیانەوە نەیاندەتوانی هێزی ئابووریی خۆیان بگۆڕن بە دەسەڵاتێکی سیاسی لە دەرەوەی کۆمەڵگەی ئەرمەنیدا و بەو پێیە بەئاسانی دەکەوتنە نێو بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارە سیاسییەکانەوە و ... دەچەوسێنرانەوە و هەر سەرپێچییەکیان لەوان دەبووە هۆی لەدەستدانی سامان و دەوڵەمەندییان و ئەو پلە و پایەیەش کە تێیدابوون. جا وەک ئەنجام

چاوی کورد

و لێکەوتەی ئەو دۆخە، کاریگەرییان سنووردار بوو لە سەر سیاسەتی دەوڵەت و بەدەگمەن بەرهەڵستیی سوڵتانیان دەکرد، ئەگەر ئەم ئەرمەنەکانی بچەوساندایەتەوە (لە ویلایەتەکاندا یان هەر شوێنێکی تر)"[111].

دوودڵی و ڕاڕایی ئەم (میرە) دەوڵەمەندانە لە ڕەتکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی سوڵتاندا فرە ناخایەنێت و دەسەڵمێت. لە ساڵی ١٨٧٦دا، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم چووە سەر تەختی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. لە سەرەتاوە خۆی وا دەرنەخست کە دەبێتە هەڕەشە و مەترسییەکی گەورە لە سەر گەلی ئەرمەن، بەڵکو لەڕاستیشدا، دەستوورێکی لیبراڵی بۆ مەملەکەت دانا کە "بەڵێنی ئۆتۆنۆمیی لەخۆگرتبوو بۆ ئەو ویلایەتانەی کە غەیرە موسڵمان بوون" لە هەمان ئەو ساڵەدا کە هاتە سەر دەسەڵات[112]. بەڵام ئەم دەستوورە تەمەنی زۆر کورتبوو، چونکە ساڵی دواتر سوڵتان هەڵیوەشاندەوە و کوردی نارد بۆ سەربڕینی ئەرمەن لە ڕۆژهەڵات، بەو هەستەوە کە رابوونی ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەعییەتەکانی دەست لەگەڵ سوپای ڕووسیا تێکەڵ بکەن و "ئەنەدۆڵی شوێنی دایکزادی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی داگیر بکەن"[113]. سوڵتان زۆر نیگەران بوو لە ڕوودانی ئەمە و لەبەر ئەوە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی دەرکرد بۆ ئیفلیج کردنی هەر خولیا و مەراقێکی ئەرمەنی بۆ دەرکردنی ئەنەدۆڵ لە ژێر کۆنترۆڵی.

ئەم ڕکابەرییەی نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ڕووسی، شانبەشانی مەترسیی سوڵتان لە هاوکاریکردنی ئەرمەن لەگەل ڕووسیادا نوقلانەی چارەنووسێکی خراپ بوو بۆ ئەرمەنەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی. ئەرمەن هیوا و ئاواتی خۆیان خستبووە سەر ڕووسیا، چونکە تەها بە یارمەتیی ڕووس یۆنانییەکان لە ساڵی ١٨٢٩دا ڕزگاریان بوو لە دەسەڵاتی عوسمانی، هەر بە هاوکاری و یارمەتیی ئەوانیش لە ساڵی ١٨٧٧دا بولگاریا توانی لە ژێردەستی عوسمانی دەربچێت و وادیارە ئەرمەنەکان بە کارێکی بەجێیان زانی کە چاوەڕوانی ئەوەبوون سوودمەندی ئەمجارەی لەشکرکێشیی سوپای ڕووسیابن دژ بە عوسمانییەکان"[١١٤]. بێجگە لەوەش، ئەرمەنەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا "بەگەرمی پشتگیریی پێشڕەویی ڕووسیایان کرد لە ناو خاکی عوسمانیدا بەئومیدی ئازادبوونی ئەرمەنەکانی ئەرمینیای ڕۆژئاوا"[١١٥] و هیوای ئەوەیان لە سەر هەڵچنیبوو کە حکوومەتەکەیان قەناعەت پێبکەن دەستوەردان بکات لەبری هاووڵاتییە ئەرمەنەکانیان لە خاک و ناوچەکانی عوسمانیدا.

سوڵتان بە چاوی گومانەوە دەیڕوانییە ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەرمەنەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و لەوە دەترسا پێگەیەک بۆ ڕووس بڕەخسێنن و لێیەوە هێرش بکەن. بێگومان هۆکاری ئەم درکپێکردنە پەیمانی سان ستێفانۆ بوو کە لە پاش جەنگی ١٨٧٧

- ١٨٧٨ ئیمزاکرا کە بە دەق تێیدا هاتووە کەوا "کشانەوەی ڕووسیا لە خاکی داگیرکراوی عوسمانی وەک مەرج بەندە بەو ڕیفۆرمانەی جێبەجێ دەکرێن بۆ پاراستنی دانیشتووانی ئەرمەن"[١١٦]. هەرچەندە پەیماننامەکە ناوی ئۆتۆنۆمیی ئەرمەنی نەهێناوە بەڵام ڕووسیای کردووەتە "زەمانەتکاری ئاسایش و ئارامیی ئەرمەن"، بەمە میکانیزمێکیان دروستکردووە بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی بکەوێتە ئەستەی سوڵتان لە مامەڵەکردنی ڕەعییەتەکانیدا.

ئەم بەشەی پەیماننامەکە ئەرمەنەکانی دڵخۆشکرد کە خەونیان بە مامەڵەیەکی باشترەوە دەبینی لە ژێر دەسەڵاتی سوڵتاندا و "هیوای ئۆتۆنۆمی و ڕەنگە وەک هەنگاوێک بۆ سەربەخۆیی تەواو ... بە ئاشکرا مشتومڕی لەسەر دەکرێت"[١١٧]. بەهەرحاڵ، ئەم هیوایانە بوون بە جێی نائومێدی لە ساڵی ١٨٧٨دا کاتی کە پەیماننامەی بەرلین جێگەی ئەوەی سان ستێفانۆی گرتەوە و دەسکەوتێکی ئەوتۆی پێنەبوو بۆ ئەرمەن. پەیماننامەکە "هیچ شتێکی لە ڕۆحی ئۆتۆنۆمی یان خۆبەڕێوەبردنی ئەرمەنەکانی لەخۆنەگرتووە"، ڕەنگە بە هۆی ئەو ئارەزووەی بەریتانیاوە بێت بۆ پاراستنی ئیمپراتۆرییەت و "وەک بەربەستێک بێت لە بەردەم فراوانخوازیی زیاتری ڕووسیادا"[١١٨]. بێجگە لەوەش، بە شێوەیەکی بەرفراوان مەسەلەی سەلامەتی و ئاسایشی گەلی ئەرمەنی سپاردە هێزە ئەوروپییە دوورەکان. بەپێچەوانەی

ڕووسیاوە کە سوودی لە پێگەی خۆی دەبینی وەک زەمانەتکارێک، هێزە ئەوروپییەکان ئەوەی کە پێویستە لە کۆششی کۆنکریتی نەیانکرد لەپێناوی ئەرمەنەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا. بەم پێیە، "پەیماننامەی بەرلین مەسەلەکەی خستە بەر گفتوگۆ و پرۆتێستە دیبلۆماسییەکان و ڕاگەیاندن و بەیاننامە ناکاریگەرەکان. وەک دواتر دۆقی ئەرجیل دایڕشتەوە کە 'ئەوەی کاری هەمووان بوو دەرکەوت کاری هیچ کەس نەبوو' "[١١٩].

ئەرمەنە خۆشگوزەرانەکان دەیانزانی کە یارمەتیی دەرەکی بۆ ئەوان نایەت لەبەرئەوە چارەنووسی ماڵ و سامانی خۆیان بەستبوو بەوەی ئیمپراتورییەتی عوسمانییەوە و "دەیانخواست ناوبەناو سوڵتان ئاوڕێکی باوکانەیان لێبداتەوە بۆ کەسانێکیان کە خۆی هەڵیبژێرێت وەک بەڵگە و سەلماندنێک بۆ ئەوەی کە حوکمڕانییەکەی دادپەروەرانەیە و کۆمەڵگەکەشی تەبا و هاوچەشنە"[١٢٠]. بە تێپەڕینی کات دەرکەوت کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نایوێت ئەو چاکسازییانە جێبەجێ بکات کە بەڵێنی پێدابوون بۆ چاککردنی بارودۆخی ئەرمەن و سەرکردایەتییەکەیان ، بە کەنیسەشەوە کە بەم دواییە لەو بەشدارییە کارا و کاریگەرە کشابووەوە کە لە ڕابوردوودا هەیبوو و خۆپاراستنیان هەڵبژاردبوو لەبری پارێزگاری کردن لە خەڵکەکەی خۆیان. بەو هۆکارەی کە ڕیفۆرمی دەستووریی عوسمانی شکستی خۆی سەلماند، ئەرمەنەکان وەرچەرخانە سەر

چالاکییەکی شۆڕشگێڕی "کە لە پلەی یەکەمدا لە لایەن کەسانی چینەکانی خوارەوە و دەستە رادیکاڵ و توندڕەوەکانی ئینتیلیجێنتسیاوە ڕێکخرابوو"[١٢١]. بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەرمینیادا، "داخوازییەکانی جەماوەر بەرزکرایەوە" و بوو بە پێشەنگی هۆشیاریی سیاسی. حیزبەکان پێشنیازی "خەبات و تێکۆشانیان کرد دژ بە ملهوڕی و تاکڕەویی سیاسی و داتەپینی ئابووری و نەبوونی یەکسانیی کۆمەڵایەتیی لە سیستەمی عوسمانیدا". ئەم حیزبانە پێکهاتبوون لە ARF (فیدراسیۆنی یان یەکێتیی شۆڕسگێڕی ئەرمەنی، یان داشناکسوتیون) و SDHP (حیزبیسۆشیاڵ دیموکرات - هونچاک Hnchakian) و حیزبی ئەرمەنەکان Armenakan. ئەم حیزبەی دواییان بەتایبەتی "بەئاشکرا بانگەشەی شۆڕشی دەکرد و کەوتە مەشقکردن لە سەر چەک و چەند تورکێکیشی کوشت و لقی لە شوێنەکانی تری تورکیا و دەرەوەی کردەوە"[١٢٢].

بەهەرحاڵ، پەیڕەوکردنی ئەم "تاکتیکانەی بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی عوسمانی و دامەزراندنی نەخشە و پرۆژەی سەربازی بێ ئامادەکارییەکی گونجاو، نەک هەر شکست دێنێت بەڵکو هاندانیشە بۆ تۆڵەکردنەوەیەکی کوشندە"[١٢٣]. سەرەتای چالاکیی شۆڕشگێڕی هەست و هۆشی سوڵتانی توند و گرژ کرد بەرانبەر بە ئەرمەن. یەک لە چاودێران هەستی خۆی بەم وتەیە کورتدەکاتەوە، "ئەو وایلێهات کە ڕقی لە ناوی ئەرمینیاش بێت"[١٢٤]، یەکێکی تریان

دەڵێ کەوا "ئەرمینیا بوو بەو مەسەلەیەی کە لە هەموو شتێک زیاتر هەست و هۆشی داگیر بکات"[١٢٥]. ئەمەش بەلایکەمەوە، پەرەسەندنێکی بەدبەختانە بوو بۆ ئەرمەن لە سایەی حوکمی ئەودا. لە سالانی ١٨٩٤ - ١٨٩٦، سوڵتان ئەوەی لەئەستۆگرت کەوا یەکێک لە توێژەران ناوی لێنابوو "سیاسەتی کوشتاری بەکۆمەڵ" وەک کاردانەوەیەکی کوشتنی بەکۆمەڵ کە نزیکەی سێسەد هەزار ئەرمەنی کوژراوی لێکەوتەوە[١٢٦].

هەرچەندە هەندێ ئەرمەن بەشداربوون لە کۆمیتەی یەکێتی و پێشکەوتن (ئیتیحاد و تەرەقی) و شۆڕشی ١٩٠٨دا، بەڵام ئەوانیش وەک کورد، هەر زوو ڕوانییان کەوا بە گەیشتنە سەر حوکمی تورکە لاوەکان چارەنووسیان خراپتر بوو. ئەوان لەکاتێکدا کە توانییان سوڵتان بڕووخێنن بەڵام خۆیان لەبەرانبەر دوژمنانێکی نوێ و بە هەمان ئەندازە دڵگەرمدا بینییەوە. لەم ڕووەوە وەک موردەخای دەڵێ، "عەبدولحەمید ڕۆیشت بەڵام ڕقهەڵگرتن لە 'کافران' وەک پێشتر هەر بە قووڵی مایەوە"[١٢٧]. ڕۆژانی تەنانەت بە ناو ئۆتۆنۆمیش بەخێرایی بەرەو کۆتایی دەچوو و ئەرمەنەکانی بەرەو قۆناخێکی تاریکی مێژوو دەبرد کە ئێستا بە یەکەم جینۆسایدی سەدەی بیستەم ناوی دەرکردووە.

هەڵبەت ئەوەی کە لە ساڵی ١٩١٥دا ڕوویدا چەندین لێکدانەوە هەڵدەگرێت. یەکێک لەوانە ئەوەبوو کەوا تورکە لاوەکان ئەرمەنیان بە هاوکار، یان ئەگەری هاوکار و پشتیوانی ڕووسیا

دەزانی، یەکێکیتر ئەوەیە کەوا بە ساکاری حەزیان بەو لێبووردەییە نەبوو بۆ بوونی ئیتنیکێکی تر کە داوای ئۆتۆنۆمی دەکات و بەرهەڵستیی بەتورککردن دەکات[١٢٨]. شیکردنەوەی هۆکارەکانی جینۆساید لە سنووری ئەم باسە دوورتر دەڕوات، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە "لە ساڵی ١٩٢٣دا، کاتێ کۆماری نوێی تورکیا ڕاگەیەنرا، تاڕادەیەک ئەرمەنێکی ئەوتۆ نەمابووەوە" لەو ویلایەتە ئەرمەنییانەی جارانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی[١٢٩]. لەکاتێکدا کە حەفتا هەزار ئەرمەن لە تورکیادا مابوونەوە کە زۆربەیان لە ئەستەمبوڵدا کۆبووبوونەوە و ئەودوای دانیشتووانی ئەرمینیای مێژوویی ڕاگوێزران یان کوژران.

وادیاربوو ڕووداوە کارەساتبارەکانی جینۆساید هێزەکانی هاوپەیمانان دەجووڵێنێت بۆ پشتگیری کردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی. سەرۆ وودرۆ ویڵسن بەتایبەتی هاوسۆز بوو لەگەڵ دەرد و ئازارەکانی ئەوانەدا کە دەرباز بووبوون و کۆمیسیۆنی کینگ - کرەینی King - Crane بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکانی لە ساڵی ١٩١٩دا خستەکار و کۆمیسیۆنەکە بەم وەسفانەوە گەڕایەوە "هەڵە گەورە و بەردەوامەکانی تورکیا پێویستە ڕاستبکرێنەوە" و ڕایشیسپارد بەوەی کە پێویستە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ئەرمینیای مێژووییدا دامەزرێت[١٣٠]. لیژنەکەی هاربۆردیش، کە سەرۆک پاش چەند مانگێکی دواتر ناردی، لەوە دوورتر ڕۆیشت و

بانگەشەی ئەرمینیایەکی ماندێتی کرد کە لەلایەن ئەمریکاوە بەڕێوەببرێت. لەم کەشوبارەدا، ئەرمەنە ماڵوێران و لێقەوماوەکان جارێکیتر کەوتنەوە سەر کەڵکەڵەی خەون بینین بە ئۆتۆنۆمی یان تەنانەت دەوڵەتیشەوە. کۆمارێکی ئەرمەنی دامەزرا، وەک دەسپێکێک بۆ ماوەیەکی سەربەخۆیی کە دوو ساڵی خایاند و کەوتە "نێوان کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم و هاتنی سوپای سوورەوە" لە ساڵی ١٩٢٠دا[١٣١]. لەگەڵ ڕووسیادا "کە چووە شەڕوشۆڕەوە دژ بە سوپای سپی و لایەنە دەرەکییانەی کەوتبوونە دەستوەردانی وڵات" و تورکیادا "کە نەیدەتوانی بەرگەی نەخشە و پلانەکانی هاوپەیمانان بگرێت بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆرییەتەکەی و دابڕینی ئەرمینیا لێی"، ئەوە ئەرمینیا دەیتوانی دوای خولیا و ئاواتەکانی سەربەخۆیی بکەوێت بەبێ دەستێوەردان.

بۆ بەدبەختی، هێزەکانی هاوپەیمانان یەک لە دوای یەک بەرپرسیارێتیی سەرەکییان لە ئەرمەنەکان ڕەتکردەوە و "بارەکەیان خستە سەر شانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە تێیدا پێشنیازی ماندێتی ئەرمینیا لە ئەنجومەنی پیران (سەنات) شکستیهێنا[١٣٢]. بەم جۆرە ئەرمینیا جارێکیتریش دەستی کەوتەلاوە و هیچی بۆ نەکرا. مەسەلەکە خراپتر کەوتەوە کاتێ کە بەلشەفیکەکانی رووسیا و کەمالییەکانی تورکیا یەکیانگرت و خۆیان وەک هاوپەیمان لە سەنگەرێکی خەبات و تێکۆشاندا بینییەوە دژ بە ئیمپریالیزم. مۆسکۆ تکاکاریی کۆمارە

www.chawykurd.com
چاوی کورد

کورتخایەنەکەی ئەرمینیای ڕەتکردەوە بۆ هاوکاری و پشتیوانی لێکردنی و بە ڕوونی دەریبڕی کە "ڕووسیای سۆڤیێتی پشتیوانیی داواکاری و ئیددیعای ئەرمەنییەکان ناکات ... و زیاتر بەرژەوەندی لەوەدابوو کە هاوپەیمانییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ ناسیۆنالیستەکانی تورکیادا ببەستێت وەک لەوەی پاڵپشتیی دەوڵەتیکی ئەرمەنی بکات"[١٣٣]. لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠دا ئەرمەنەکان هەڵەیەکی کوشندەیان کرد بە گرتنی ئەو کانە خەڵووزانەی ئۆڵتی کەوا تورکیا خاوەنداریی لێدەکرد، کە سەریکێشایەوە بۆ جەنگێک و خێرا سەربەخۆیی ئەرمینیای لەناوبرد و چووەوە سەر ئیدارەی سۆڤیێتی.

حوکمی سۆڤیێتی بەسەر گەلی ئەرمەندا لە کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠کاندا کەوتە هەرەسهێنان و هەڵوەشانەوە، ئەگەرچی یەکێتیی سۆڤیێت تا ساڵی ١٩٩١ هەر مایەوە. لە ٢٠ی شوباتی ١٩٨٨دا، ناوچەی ناگۆرنۆ قەرەباغ کە دانیشتووانی ئەرمەن بوون و دەکەوتە ناو ئازەربایجانەوە، بە شێوەیەکی فەرمی داوایکرد کەوا مۆسکۆ "سنووری نیوان ئەرمینیا و ئازەربایجان دەسکاری بکات بۆ ئەوەی قەرەباغ بکاتە بەشێک لە ئەرمینیا"[١٣٤]. ئەم داواکارییە هاوشان بوو لەگەڵ "خۆپیشاندان و ڕێپێوانی گەورەدا لە یەریڤان و ... سەرنج و بایەخێکی جیهانیی درایە". مەسەلەکە دەسبەجێ کاردانەوەی توندی ئازەربایجانی بەدواداهات و ئەرمەنەکانی شارۆچکەی سومگەیتی ئازەربایجانی بوون بە

قوربانیی کوشت و کوشتار تێیدا. هەر زووش ڕوونبووەوە کەوا حکوومەتی سۆڤیێتی ناتوانێت کاریگەرانە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، سەرباری هەوڵدانی بۆ ئەوە لە ڕێگەی گواستنەوەیەکی زۆری دانیشتووانەوە لە نێوان هەردوو ناوچەکەدا. بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەرمەنی لە دوای بوومەلەرزەکەی ساڵی ١٩٨٨وە دەسەڵاتی گرتەدەست و بوو بە حکوومەتی ئەرمینیای سۆڤیێتی لە ئابی ١٩٩٠دا و بەم شێوەیە ئەرمینیا بە کردەوە بوو بە دەوڵەتێکی دیفاکتۆی خاوەن سەربەخۆیی[١٣٥]. لە ساڵی ١٩٩١دا، یەکەکانی سوپای سۆڤیێتی کەوتە ڕەتدانەوەی پەرەسەندنەکان لە ئەرمینیا و دوستیکرد بە "پاکتاوی ڕەگەزیی گوندە ئەرمەننشینەکان" لە باکووری قەرەباغدا، بۆ سەپاندنەوەی دەسەڵاتی خۆی بە سەر ناوچەکەدا. بەهەرحاڵ، تەنها پێنج مانگ دواتر، ئەنجومەنی سۆڤیێتی باڵا ڕێگەی بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێک دا بۆ سەربەخۆیی و زۆرینەی ڕەها دەگیان پێدا. لە سێپتەمبەری ١٩٩١دا، ئەرمینیا بە فەرمی سەربەخۆیی وەرگرت و بە هاتنی کۆتایی ئەو ساڵە یەکێتیی سۆڤیێت ڕووخا.

سەربەخۆیی تەحەدای نوێی هێنایە پێشەوە بۆ ئەرمەنەکان. لەگەڵ نەبوونی توانا بۆ گەیشتنە هیچ هێڵێکی دەریایی یان ڕێگەی ئاسن، چونکە بو هۆی شەڕ و ناکۆکیی بەردەوامەوە لەگەڵ ئازەربایجاندا لە سەر قەرەباغ داخرابوون، هەروەها کەمیی سەرچاوەی سروشتی و کەمیی وەبەرهێنانی دەرەکی، لەبەرئەوە

"قورس بوو مشتومڕ لەسەر ئەوە بکرێت کەوا ئەرمینیا بەشێک بێت لە پرۆسەی بەجیهانیبوون بە هیچ شێوەیەک کەوا بایەخێکی ستراتیجیی بداتێ بۆ دەراوسێکانی یان هەر لەیەکی تر"[١٣٦]. ئەرمینیا، سەرباری ئەوەی دواجار و پاش هەوڵێکی دوورودرێژ سەربەخۆیی بەدەستهێنا، هەر بە گەمەکەرێکی کەمبایەخ مایەوە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا. گێرارد لیبارديان مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکات کەوا ساڵانێکی زۆر لە چاوەڕێکردنی دەستێوەردانی دەرەکی و خۆڕادەستکردنی ئەنجامی بڕیارە دەرەکییەکان ئەرمەنەکانی والێکرد بە لای تەریکی و کشانەوەدا دایبشکێنن، لەبریی خۆپڕچەککردن بە هێزی ئیرادەی پێویست بۆ دەوڵەتێکی پەرەسەندوو. لە جیاتیدا و لە ڕێگەی بواردان بە ڕووسیا بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرتی سەرەکیی وزە و پیشەسازی و زەخیرە و کەرەستەی چەکداری[١٣٧]، ئەرمەنەکان جارێکیتر بوونەوە بە پشتبەستوو بە هێزێکی دەرەکی و خۆ دوور دەگرن لە بەرپرسیارێتیی پێویست بۆ بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی خۆیان. لەکاتێکدا کە شوناسی ئەرمەنی گوأمی پێویستی پێبەخشیون بۆ بەدواداچوون و چەسپاندنی دەوڵەتێکی ئارام، دەمێنێتەوە کە ببینین کە ئاخۆ دەکرێت ئەم دەسکەوتانە بگۆڕین بۆ گەلێکی تەندروستی ئەرمەن.

# ئەنجام

وەک کەمینەی بێدەوڵەت لە ناوچەیەکی پڕ پشێوی و ئاڵۆزیدا، ئەوە کورد و ئەرمەن لە حوکمڕانیی ئیمپراتۆرییەتە دژ بە یەکەکان دەربازبوون و شوناسی خەفەکراوی خۆیان پاراست لە بەردەم فشاری گەورەی تێکەڵکردن و هەموارکردندا. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئەوان لە دووتوێی جەختکردنەوە لە ئیتنیک و ئاین و زمانی هاوبەشیان خۆیان یەکخستووە. لە لایەکی ترەوە وەک گرووپی ئیتنیکیش توانیویانە دەوڵەت دابمەزرێنن چون فارسەکان لە ئێران و تورکەکان لە تورکیا و عەرەبەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەنجامیانداوە، ئەوە کوردەکان و ئەرمەنەکانیش بە ئاگری ناسیۆنالیزم وروژان بۆ هەوڵدان لەپێناوی وڵاتەکانیاندا.

لەکاتێکدا کە ئەم هەوڵە بە هیچ شێوەیەک ئاسان نەبوو، بەڵام هەردوک کورد و ئەرمەن دەسکەوتی بەرچاویان بەدیهێناوە لە دواین دوو دەیەدا و ئەرمینیا ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و کوردەکانیش ئۆتۆنۆمییەکی بەرچاویان بەدەستهێناوە لە کوردستانی عێراقدا. بەڵام هەردوو گرووپەکە بەرەوڕووی تەحەدایەکی گەورە و بەرچاو بوونەتەوە لە سەدەی بیستویەکدا. پێویستە کوردەکان پاڵپشتی نێودەولەتی دابین بکەن بۆ پاراستنی بارودۆخیان لە عێراقدا و بەو پێیە دەبێ توانای خۆیان بسەلمێنن بۆ ئەوەی بە بەرپرسیارێتییەوە حوکمی خۆیان بکەن لە ڕێگەی

چارەسەرکردنی چالاکییەکانی ئەو گرووپە بەرگرییانەوە کە سنوورەکان دەبەزێنن، هەروەها دەبێ ئەرمەنەکانیش زیاتر چالاک بن لە کۆمەڵگەی جیهانیدا لەپێناوی سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکانی سەربەخۆیی. ئەو هەنگاوانەی کە هەردوولا ناویانە بەرەو ئامانجە نەتەوەییەکانیان گەورەن و مایەی سەرسامین، بەڵام بە هیچ شێوەیەک داهاتوویان جێی دڵنیایی نیە.

ناوی بابەت: شوناس و ناسیۆنالیزم و هەوڵدان بۆ بەدەوڵەتبوون لە کوردستان و ئەرمینیادا

ناوی نووسەر: کاترین کوهڵ

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی کالیفۆرنیا - سان دیاگۆ

پلەی شەرەفی زانکۆیی هەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

**Identity, Nationalism, and the Pursuit of Statehood in Kurdistan and Armenia**

**Katharine Kuhl**
**Assistant professor of California , san Diego - USA**
**University Honors in International Relations**
**PhD in Experimental Psychology**

Semester: Fall ٢٠٠٧

Advisor: Anthony Quainton

**ئەو کار و بەرهەمانەی وەک سەرچاوە بەکارهاتوون:**

- Vanessa Acker, “Religion Among the Kurds: Internal Tolerance, External Conflict,”
Kennedy School Review, vol. ٥, ٩٩-١٠٩.
ڤانێسسا ئاکەر، "ئاین لە ناو کورددا: لێبووردەیی ناوخۆ و ملمانێی دەرەکی"، گۆڤاری پێداچوونەوەی خوێندنگەی کێنەدی...

- *Armenia: Historical Divisions of Armenia.* [Map/Still]. Retrieved December ١, ٢٠٠٧,
from Encyclopædia Britannica Online: www.britannica.com
*"ئەرمینیا: دابەشبوونە مێژووییەکانی ئەرمینیا"*. [نەخشە]. لە ١ی دیسەمبەری، ٢٠٠٧ وەرگیراوە. -

- Peter Balakian, *The Burning Tigris: The Armenian Genocide and America's Response*, HarperCollins: ٢٠٠٣.
پێتەر باڵەکیان، *"دیجلەی گڕگرتوو: جینۆسایدی ئەرمەن و کاردانەوەی ئەمریکا"*...

- George De Vos, “Ethnic Pluralism: Conflict and Accommodation,” *Ethnic Identity: Cultural Continuities and Change*, ed. George De Vos and Lola Romanucci - Ross, Mayfield, ١٩٧٥, ٥ - ٤١.
جۆرج دی ڤۆس، "فرەیی ئێتنیکی: ململانێ و گونجاندن"، لە *"شوناسی ئێتنیکی: بەردەوامیی کولتووری و گۆڕان"*،...

- Shane Donovan, “Kurdistan: The Elusive Quest for Sovereignty,” *Harvard International Review* (Fall ٢٠٠٦), vol. ٢٨, no. ٣.
شێن دۆنۆڤان، "کوردستان: هەوڵدانی پڕ چاوەڕوان بۆ سەربەخۆیی"، *گۆڤاری پێداچوونەوەی هارڤارد ئینتەرناسیۆناڵ* .... *Harvard International Review*

- Hadi Elis, “The Kurdish Demand for Statehood and the Future of Iraq,” *Journal of Social, Political, & Economic Studies* (Summer ٢٠٠٤), vol. ٢٩, no. ٢, ١٩١-٢٠٩.
هادی ئێلیس، "داخوازیی کورد بۆ دەوڵەت و داهاتووی عێراق"، جۆرناڵی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری...

- Amir Hassanpour, Tove Skutnabb-Kagnas, and Michael Chyet, “The Non - Education of Kurds: A Kurdish Perspective,” *International Review of Education*, vol. ٤٢, no. ٤, ١٩٩٦, ٣٦٧- ٣٧٩. نەخوێندەواریی کوردەکان: ڕوانگەیەکی کوردانە

- Wadie Jwaideh, *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development*, Syracuse University Press, ٢٠٠٦. وەدیع جویدە، *"جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد: ڕەگوڕیشە و پەرەسەندنەکانی"* ....

- Gerard J. Libaridian, *Modern Armenia: People, Nation, State*, Transaction Publishers: ٢٠٠٤. جێرارد لیباردیان، *"ئەرمینیای نوێ: گەل و نەتەوە و دەوڵەت"...*

- Kevin McKiernan, *The Kurds: A People in Search of Their Homeland*, St. Martin’s Press, ٢٠٠٦. کێڤن ماککیرنان، *"کوردەکان: گەلێک لە گەڕاندا بۆ نیشتمانی خۆی"...*

- *Kurdistan*. [Map/Still]. Retrieved December ١, ٢٠٠٧, from Encyclopædia Britannica Online: /www.britannica.com.

- Denise Natali, *The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey, and Iran*, Syracuse University Press, ٢٠٠٥.
دینیس ناتالی، *"کوردەکان و دەوڵەت: پەرەسەندنی شوناسی نەتەوەیی لە عێراق و تورکیا و ئێراندا"*...

- Mordechai Nisan, *Minorities in the Middle East: A History of Struggle and Self-Expression*, McFarland: ٢٠٠٢
مۆردەخای نیسان، *"کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: مێژوویەک لە خەبات و گوزارشکردن لە خۆکردن"*...

- Razmik Panossian, *The Armenians: From Kings and Priests to Merchants and Commissars*, Columbia University: ٢٠٠٦.
ڕازمیک پانۆسیان، *"ئەرمەنەکان: لە پاشا و قەشەوە بۆ بازرگان و کۆمیسار"* ...

- Arnold Rose, "Minorities," *International Encyclopedia of the Social Sciences*, vol. ١٠, ١٩٦٨, ٣٦٥ - ٣٧٠.
- ئارنۆڵد ڕۆس: "کەمینەکان"، *ئینسکلۆپیدیای جیهانی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان*
...

- Ronald Grigor Suny, *Armenia in the Twentieth Century*, Scholars Press: ١٩٨٣. ڕۆناڵد گریگۆر سەنی، *"ئەرمینیا لە سەدەی بیستەمدا"*
....

- Ronald Grigor Suny, *Looking Toward Ararat: Armenia in Modern History*, Indiana

ڕۆناڵد گریگۆر سەنی، *"ڕوانین بەرەو ئارارات: ئەرمینیا لە مێژووی نوێدا"* ... University: ١٩٩٣.

- Ivan Watson, “Kurdish rebels attack Turkish force at border,” *NPR*, October ٢٢, ٢٠٠٧. Retrieved December ١, ٢٠٠٧, from NPR.org: www.npr.org/templates/story
- ئیڤان واتسن، *"یاخییە کوردەکان هێرش دەکەنە سەر هێزی تورکیا لە سەر سنوور"* ....

پەراوێزەکان

**Notes**

١ *Kurdistan*. [Map/Still]. Retrieved December ١, ٢٠٠٧, from Encyclopædia Britannica Online: www.britannica.com.

٢ *Armenia: historical divisions of Armenia.* [Map/Still]. Retrieved December ١, ٢٠٠٧, from Encyclopædia Britannica Online: www.britannica.com.

٣ Arnold Rose, "Minorities," *International Encyclopedia of the Social Sciences*, vol. ١٠, ١٩٦٨, ٣٦٥.

٤ George De Vos, "Ethnic Pluralism: Conflict and Accommodation," *Ethnic Identity: Cultural Continuitiesand Change,* ed. George De Vos and Lola Romanucci - Ross, Mayfield, ١٩٧٥, ٥.

٥ Ibid., ٩.

٦ Wadie Jwaideh, *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development*, Syracuse University Press, ٢٠٠٦, ٨١.

٧ Denise Natali, *The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey, and Iran,* Syracuse University Press, ٢٠٠٥, ١٨.

٨ Ibid., ١٨٠.

٩ Jwaideh, ٧٥.

١٠ Ibid., ٧٦.

١١ Ibid., ٨١.

١٢ Ibid., ١٠٤.

١٣ Ibid., ١٠٦.

١٤ Ibid., ٢١٠.

١٥ Natali, ١١٥.

١٦ Ibid., ١٥٠.

١٧ Mordechai Nisan, *Minorities in the Middle East: A History of Struggle and Self -Expression*, McFarland, ٢٠٠٢, ٥٣.
١٨ Vanessa Acker, "Religion Among the Kurds: Internal Tolerance, External Conflict," *Kennedy School Review*, vol. ٥, ١٠٢.
١٩ Nisan, ٥٣.
٢٠ Amir Hassanpour, Tove Skutnabb - Kagnas, and Michael Chyet, "The Non-Education of Kurds: A Kurdish Perspective," *International Review of Education*, vol. ٤٢, no. ٤, ١٩٩٦, ٣٦٨.
٢١ Kevin McKiernan, *The Kurds: A People in Search of Their Homeland*, St. Martin's Press, ٣٦٨.

٢٢ Ibid., ٣٦٨.

٢٣ Ibid., ٣٠٦.
٢٤ Ibid., ١٦.

٢٥ Hassanpour, Skutnabb - Kagnas, and Chyet, ٣٦٧.

٢٦ Ibid., ٣٧٧.

٢٧ Nisan, ١٥٩.
٢٨ Ibid., ١٥٧.
٢٩ Ibid., ١٦٢.
٣٠ Ronald Grigor Suny, *Armenia in the Twentieth Century*, Scholars Press: ١٩٨٣, ١٠.

٣١ Ibid., ١.
٣٢ Nisan, ١٥٧.
٣٣ Razmik Panossian, *The Armenians: From Kings and Priests to Merchants and Commissars*, Columbia University: ٢٠٠٦, ٤٢.
٣٤ Ibid., ٤٣.

٣٥ Nisan, ١٥٨.

٣٦ Ibid., ١٥٨.
٣٧ Panossian, ٤٤.
٣٨ Ronald Grigor Suny, *Looking Toward Ararat: Armenia in Modern History*, Indiana University: ١٩٩٣, ٩.

٣٩ Gerard J. Libaridian, *Modern Armenia: People, Nation, State,* Transaction Publishers: ٢٠٠٤, ٥٢.

٤٠ Ibid., ٥٣.

٤١ Libaridian, ٥١.

٤٢ Suny, *Armenia in the Twentieth Century*, ٢ - ٣.

٤٣ Ibid., ٥.

٤٤ Ibid., ٦.

٤٥ Ibid., ٩.
٤٦ Suny, *Looking Toward Ararat*, ٢٠.
٤٧ Libaridian, ٧٧.

٤٨ Suny, *Looking Toward Ararat*, ٢٠.
٤٩ Libaridian, ١٦.
٥٠ Suny, *Armenia in the Twentieth Century*, ٢٣.
٥١ Panossian, ١٩٥.
٥٢ Suny, *Looking Toward Ararat*, ١٠.
٥٣ Panossian, ١٩٥.
٥٤ Libaridian, ١٨.

٥٥ Ibid., ٧٨.
٥٦ Ibid., ٢١.
٥٧ Suny, *Looking Toward Ararat*, ٢٣.
٥٨ Ibid., ٢٦.

٥٩ Panossian, ٤٥.

٦٠ Ibid., ١٣٣.

٦١ Libaridian, ١٤.

٦٢ Suny, Armenia in the Twentieth Century, ١٩.

٦٣ Suny, *Looking Toward Ararat*, ٢٦.
٦٤ Libaridian, ٢٧.
٦٥ Ibid., ٣٤.
٦٦ Ibid., ٣٥.

٦٧ Jwaideh, ٣٣.

٦٨ Ibid., ٤٧.

٦٩ Natali, ٢.

٧٠ Jwaideh, ٥٤.

٧١ Ibid., ٧٥.
٧٢ Ibid., ٧٧.
٧٣ Ibid., ٨١.

٧٤ Ibid., ١٠٢.
٧٥ Ibid., ١٠٤.
٧٦ Natali, ٣٥.
٧٧ Ibid., ١١٧.
٧٨ Ibid., ٧٩.

٧٩ Nisan, ٤٩.

٨٠ Shane Donovan, "Kurdistan: The Elusive Quest for Sovereignty," *Harvard International Review* (Fall ٢٠٠٦), vol. ٢٨, no. ٣, ١.

٨١ Ibid., ١٣٩.

٨٢ Ibid., ١٢٠.

٨٣ Ibid., ١٢١.

٨٤ Ibid., ١٤٩.

٨٥ Donovan, ١.

٨٦ Hadi Elis, "The Kurdish Demand for Statehood and the Future of Iraq," *Journal of Social, Political, & Economic Studies* (Summer ٢٠٠٤), vol. ٢٩, no. ٢, ١٩٥.
٨٧ Natali, ٢٩.
٨٨ Ibid., ٢٧.

٨٩ Elis, ١٩٦.

٩٠ Natali, ٥٢.

٩١ Ibid., ٥٨.

٩٢ Ibid., ٥٩.

٩٣ Ibid., ٦٤.
٩٤ Nisan, ٥١.
٩٥ Natali, ٦٦.
٩٦ McKiernan, ٣٦١.
٩٧ Elis, ٢٠٨.

٩٨ Elis, ٢٠٩.

٩٩ Natali, ٦٧.

١٠٠ Donovan, ١.

١٠١ Ivan Watson, *"Kurdish rebels attack Turkish force at border,"* NPR, October ٢٢, ٢٠٠٧.

١٠٢ Libaridian, ١٣.

١٠٣ Panossian, ٦٩.

١٠٤ Ibid., ٧٠.
١٠٥ Ibid., ٧١.
١٠٦ Ibid., ١٢٣.

١٠٧ Nisan, ١٥٩.

١٠٨ Ibid., ١٥٩.

١٠٩ Ibid., ١٦٢.

١١٠ Panossian, ٩٨.

١١١ Ibid., ٩٨.

١١٢ Nisan, ١٦٣.

١١٣ Ibid., ١٦٣.

١١٤ Ibid., ١٦٤.

١١٥ Libaridian, ١٥.

١١٦ Panossian, ١٧٠.
١١٧ Nisan, ١٦٤.
١١٨ Ibid., ١٦٤.

١١٩ Panossian, ١٧١.

١٢٠ Libaridian, ١٥.

١٢١ Ibid., ١٥.

١٢٢ Nisan, ١٦٥.

١٢٣ Ibid., ١٦٥.
١٢٤ Ibid., ١٦٥.
١٢٥ Peter Balakian, *The Burning Tigris: The Armenian Genocide and America's Response*, HarperCollins: ٢٠٠٣, ٣٥.

١٢٦ Ibid., ٣٥.
١٢٧ Nisan, ١٦٦.
١٢٨ Panossian, ٢٣٤.

١٢٩ Ibid., ٢٣١.
١٣٠ Balakian, ٣٥١.
١٣١ Suny, *Looking Toward Ararat*, ١٢٦.
١٣٢ Ibid., ١٢٩.

١٣٣ Ibid., ١٣٠.

١٣٤ Libaridian, ٢٠٦.

١٣٥ Ibid., ٢٠٨.

١٣٦ Ibid., ٢٩٠.
١٣٧ Ibid., ٢٩٢.